# فیدڵ کاسترۆ
# سەرکردەی پارتی کۆمۆنیستی کوبا




## لە خۆشەویستی خەڵکەوە بۆ نەفرەت و بێزاری



**فران ریس**

نووسەر و شارەزا لە بواری تیۆری رابەرایەتییدا، لە زانکۆی (ئاریزۆنا) کاردەکات.

FOCUS

### پێشەکی

لە ساڵی 1900وە تا ئەمڕۆ مرۆڤایەتی و جیهان گۆڕانکاری گەورەیان تێپەڕاندوە. لەم سەردەمەدا باوەڕە سیاسیە نوێیەکان بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی جەنگی جیهانی. فاشیزم و کۆمۆنیزم بوون بەهۆی جیابوونەوە و لێکدابڕانی هەندێك لە وڵاتان و دیموکراسی هەندێکی دیکەی خستە پاڵ یەکتر. گۆڕانکاریە بنەڕەتیەکان لە تیۆری و پراکتیکەکاندا، پێوانەی ئازادیەکانی تاك، نەریتە ئاینیەکان، زانست، تەکنۆلۆژیا و پێشەسازی لەمەحەك دەدات. ئەم گۆڕانکاریانە سیاسیە جیهانیەکان و تێگەیشتنی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکانی کردوەتە زەرورەتێك.

### پاڵەوانی نیشتمان

شەوی هەشتەمی کانونی دووەمی ساڵی 1959، لە هاڤانای پایتەختی کوبا بلاجیکتۆرە زەبەلاحەکان ئاسمانیان روناك کردبوو، سەدان هەزار کەس لە چاوەڕوانی بیستنی وتەکانی فیدڵ کاسترۆدا بوون. هەفتەیەك پێشتر، لەیەکەم

ڕۆژی ساڵی نوێدا، هێزە پارتیزانەکانی کاسترۆ دوای تێکشکاندنی خۆڕاگری سوپای کوبا و ڕوخاندنی دەسەڵاتی دیکتاتۆرانەی فۆلخانسیۆ پاتێستا، کوبایان کۆنترۆڵکرد و دەسەڵاتی درێژماوەی کاسترۆ بە سەر ئەو وڵاتەدا دەستپێکردبوو.

کوبا ئامادەی وەرگرتنی ڕابەرێکی نوێ بوو. خەڵکی کوبا پاش چەندین ساڵ دەسەڵاتی ستەمکارانە لە چاوەڕوانی دیموکراسی و چاکسازیەکدا بوون، کە فیدڵ کاسترۆ بەڵێنی بەدیهێنانی دابوو. پشتیوانیکردن لە کاسترۆ و دەسەڵاتی تازە ڕۆژ بە ڕۆژ فراوانتر دەبوو، کاسترۆ پێی دەنایە هەر شوێنێك کەشی جەژن و شادی زاڵدەبوو. هـەزاران کەس کە لەکەناری جادەکان کۆبیوونەوە بە شەوق و زەوقەوە چەپەڵیان بۆ لێدەدا و بە ڕزگارکەری گەل وەسفیاندەکرد.

کاسترۆ چەندین هەفتە پێشتر لە پێگە سەربازیەکانی خۆیەوە لە چیاکانی (سیرا مایسترا)وە کەوتبووە ڕێ و گوندەکانی یەك لە دوای یەك کۆنترۆڵکردبوو. لە ڕێگادا جەنگاوەرانێکی نوێ چووبوونە ڕیزی سوپاکەیەوە. لە یەکەم کاتژمێرەکانی بەرەبەیانی یەکەم ڕۆژی ساڵی نوێدا پاتێستا لە وڵات هەڵات و دورگەکەی بە کاسترۆ و هێزەکانی سپارد.

سەفەرە پێنج ڕۆژە سەرکەوتووەکەی کاسترۆ لەلایەکەوە بۆ لایەکی دیکەی کوبا، لە کۆتایەکانی خۆی نزیك دەبووەوە. ئەو چەندین ساڵ لەوەوپێش لە کۆلیژی هاڤانا بوو، لە بەدەستەوە گرتنی سەرکردایەتی خوێندکاران بەو جۆرەی کە دەویست سەرکەوتوو نەبوو. بەڵام ئێستا لە پلەی ڕابەری شۆڕشکێدا، کە مژدەبەخشی وەرزێکی نوێ بوو گەڕابوویەوە شار. کاسترۆ، سەربڵندبوو لە شۆڕشەکەیدا و ئامادەی گۆڕینی کوبا بوو، لەبەرامبەر جەماوەرەکەدا ڕاوەستا و مایکەکەی بەدەستەوە گرت و دەستیکرد بە قسەکردن بۆ خەڵك.

وەک هەمیشە جلی سەوزی زەیتونی و کڵاوی سەربازی لە سەردابوو و ڕیشێکی درێژی هەبوو.

لە وتەکانیدا بانگەشەی سەرکەوتنی ڕاگەیاند و داوای لە گروپە شۆڕشگێڕەکانی تر کرد چەکەکانیان دابنێن و بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە بێنە ڕیزی شۆڕشەکەوە. وتی: "کوبای نوێ پێویستی بە چەك نییە".

## پرسیاری کرد: «چەك، بۆچی؟».

کاسترۆ درێژەیدا و وتی: جەنگ، لە بەرامبەر کێدا؟ چەك بۆچی؟ بۆ هەڕەشەکردن لە سەرۆك کۆمار؟ بۆ ترساندنی حکومەت؟ بۆ پێکهێنانی باندەکانی تاوانکاری؟ ئەگەر حکومەتێکی پێکهاتوو لە پیاوانی گەنج و بەویژدانمان هەبێت، چ پێویستییەك بە کۆکردنەوەی چەك هەیە؟

جەماوەرەکەش لەبەرامبەردا هاواریان کرد: «چەك بۆچی؟»، ئیدی دروشمێکی شۆڕشگێڕانە هاتە ئاراوە.

کاسترۆ لەنێوان وتەکانیدا ڕویکردە یەکێك لە هاوڕێیانی بە ناوی کامیلۆ سینفۆگۆس و بە نیگایەکی هاوڕێیانەوە پرسی: «کامیلۆ کردەکانم دروستە». کامیلۆ بە بزەیەکەوە وەڵامیدایەوە: «بەڵێ بە تەواوەتی دروستە فیدڵ». دەستبەجێ جۆش و خرۆشی جەماوەرەکە پەرەیسەند و بە دەنگی بەرز ڕەزامەندی خۆیان دەربڕی، ئیتر Vas binen fidel ، بوو بە دروشمێکی تری سەر زاری خەڵك.

پاش دوو کاتژمێر، کاسترۆ وتارە سەرکەوتوەکەی خۆی بەم وشانە کۆتاییپێهێنا: "لەو بڕوایەدام بەو جۆرەی کە نیشانماندواە بەبێ هیچ تەماع و چاوەڕوانییەك جەنگمان کردوە، لەو بڕوایەدام هیچ تاکێکی کوبی نییە، کە لەم بارەیەوە گومانێکی هەبێت".

لەو ساتەدا، چەند کۆترێکی سپی بە نیشانەی ئاشتی لەنێوان جەماوەرەکەدا ئـازادکـران. لەکاتێکدا تیشکی بلاجێکتۆرەکان لە کاسترۆیان دەدا، یەکێك لە کۆترەکان لەسەر شانی کاسترۆ نیشتەوە.

> **کاسترۆ لە وتەکانیدا بانگەشەی سەرکەوتنی ڕاگەیاند و داوای لە گروپە شۆڕشگێڕەکانی تر کرد چەکەکانیان دابنێن و بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە بێنە ڕیزی شۆڕشەکەوە. وتی: "کوبای نوێ پێویستی بە چەك نییە".**

بێدەنگی هەموانی داگرت. لە ئەفسانەكانی كوبادا كۆتر رەمزی ئاشتییە. چەند سەربازێكی پاتیستا كڵاوەكانیان لەسەریان هەڵگرت و بە دانانی دەستیان لەسەر دڵیان رێزی خۆیان بۆ كاسترۆ پیشاندا و خەڵكانی تریش بە دۆعاكردنەوە چۆكیان دادا. لە باوەڕی كوبییەكاندا ئەوە نیشانەیەك بوو لەلایەن خواوەندەوە. لەو ساتەدا كاسترۆ بوو بە رەمزی ئاشتی و حەسانەوەی كوبیەكان. كاسترۆ نێردراوی خوداوەند بووە.

لەناكاو زایەڵەی هاواری "فیدڵ! فیدڵ! فیدڵ!" بۆ پشتیوانیكردن لەو بەرزبووەوە. كاسترۆ لە كاتێكدا كۆترەكە لەسەر شانی نیشتبووەوە بە هێمنی راوەستا و درێژەی بە قسەكانی دا:

مەحاڵە ئێمە ببین بە دیكتاتۆر. هەرگیز پێویستمان بە بەكارهێنانی هێز نییە، چونكە خەڵكمان لە پشتە، چونكە خەڵك داوەریدەكەن و ئەو رۆژەی، كە خەڵك بیەوێت ئێمە وازدەهێنین.

گروپە چەكدارەكانی تر بە بینینی پشتیوانی گەرموگوڕی خەڵك لە كاسترۆ، چەكەكانیان رادەستی پیاوەكانی كاسترۆ كرد. هەرەسهێنانی پاتیستا بەبێ خوێنڕشتن ئەنجامدرا. شۆڕشی كوبا دەستپێكردبوو.

خەڵكەكە هاواریاندەكرد "فیدڵ! فیدڵ!" كوبیەكان بڕوایان بەوەبوو كە پاڵەوانە نوێیەكەیان سەردەمێكی لێوانلێو لە ئاشتی و خۆشگوزەرانیان بۆ دەستەبەردەكات. ئەوان لە ژێردەستەیی وڵاتانی دیكە و جەنگ لەگەڵیان بێزار ببوون. هیواداربوون دیكتاتۆریەت و ستەمكارییەك كە لە سەردەمی پاتیستا و پێش ئەو، بە درێژایی چەندین سەدەی فەرمانڕەوایی ئیسپانیەكان ئەزمونیان كردبوو كۆتاییبێت. كاتێك كە فیدڵ كاسترۆ جڵەوی فەرمانڕەوایی گرتەدەست. گەنجێكی تەمەن 32 ساڵان بوو. ئەو سەرجەم تایبەتمەندییە پێویستەكانی بۆ رێبەرایەتی تێدابوو. توانای ئیلهامبەخشینی بە خەڵك، پێشبینیكردنی داهاتو، لێوەشاوەیی تایبەت بۆ وتاردان لە ناو خەڵكدا، راكێشەری سەرنجی دەوروبەر، توانای جەستەیی بێكۆتایی، حەزی بێسنوور بە دەسەڵات، ئەوەی كە ئەو بەوپەڕی وزە و تواناوە ئەنجامیدەدا، لە ساڵەكانی دواتردا شكڵی بە كوبا دا.

## ساڵەكانی سەرەتا

فیدڵ كاسترۆ تەنانەت لە سەردەمی منداڵیدا ئامەزرۆی فەرماندەیی بوو نەك فەرمانبەری. ئەو كۆرپە چوار و نیو كیلۆگرامییە لە سێزدەی ئابی ساڵی 1926 لە مەزرا گەورەكەی خانەوادەكەیدا لە (لاس ماناكاس)ی نزیكی بیران لە ویلایەتی ئۆرینتە لەدایكبوو. باوكی فیدڵ، (ئانخل ئالخاندرۆ كاسترۆ رۆس)، لە هاوسەرگیریەكەی پێشوی كە جیابوونەوەی لێكەوتەوە، دوو منداڵی هەبوو. لەنێوان ئانخل و لینا رۆس گۆنسالسی خزمەتكاری خانەوادەی كاسترۆدا پەیوەندیەكی سۆزدارانە دەستپێكرد، كە بەر لە هاوسەرگیری فەرمی بەرهەمەكەی سێ منداڵ بوو: ئانخلا و رامون و فیدڵ، سەرەنجام ئانخل و لینا بە فەرمی هاوسەرگیریان كرد و بوون بە خاوەنی چوار منداڵی دیكە: خوانا، راول، ئێما و ئاگۆستینا. باوكی فیدڵ لەساڵی 1905دا لە ئیسپانیاوە بۆ كوبا رۆشت. ئانخل كرێكارێكی زەحمەتكێشبوو، كە بۆ كۆمپانیای ئەمریكی یۆنایتد فرۆت كاریدەكرد. ئەو كۆمپانیایە گەورەترین بەرهەمهێنەری شەكر بوو لە ناوچەكەدا.

دواتر ئانخل كرێكارانی كوبایی رێكخست لەگەڵ كۆمپانیادا گرێبەستی بۆ ئەوان ئیمزاكرد. ئانخل پارەكانی كۆكردەوە و دواتر زەوییەكی كڕی و مەزرایەكی پێكەوەنا و دەستیكرد بە فرۆشتنی قامیشی شەكر بە كۆمپانیای یوناتید فرۆت، مەزاركەی ئەو (لاس ماناكاس)، بوو بە كێڵگەیەكی گەورە كە سێسەد خانەوادە تێیدا ژیانیان دەكرد.

فیدڵی گەنج ژیانی لە فەزای كراوەی مەزرای خانەوادەكەیدا پێخۆشبوو. خانویەكی گەورە و گوندێك بە شێوازی ئیسپانی لە زەوییەكی ناهەموار و كراوەدا بوو. مریشك و كەڵەشێر و بەرازەكان و ئاژەڵانی دیكە لە ناو حەوشەكەیدا دەسوڕانەوە و منداڵەكان زۆربەی كاتی خۆیانیان لە فەزای كراوەدا بەسەردەبرد. فیدڵ ئەسپسواری دەكرد، لە روباری بیلاندا، كە بە تەنیشت مەزراكەیاندا تێپەڕ دەبوو مەلەی دەكرد، بە شاخەكاندا سەردەكەوت، راویدەكرد و ماسی دەگرت. فیدڵ بە سەرسەختی و سروشتی توندی، لە بەرامبەر دەسەڵاتدا زۆر بێتاقەت بوو، لە پۆلی خوێندن و یاریگە و ماڵدا لێبڕاوانە بڕیارەكانی خۆی دەچەسپاند. چوار ساڵ زیاتری نەبوو، كە چووە قوتابخانەی گەڕەكەكەیانەوە، تەنانەت لەو تەمەنەشدا مشتومڕی توندوتیژانەی لەگەڵ مامۆستاكانی دەكرد، دواتر كاسترۆ لە چاوپێكەوتنێكدا وتی:

لەیادمە هەر كاتێك لەگەڵ شتێكی مامۆستاكەم هاوڕا نەبوومایە، یان كاتێك كە تورە دەبوم جنێوم پێدەدا و دەستبەجێ قوتابخانەم بەجێدەهێشت و تا ئەو شوێنەی لە توانامدا بوایە رامدەكرد... رۆژێك بێئەدەبیم بەرامبەر بە مامۆستاكەم كردبوو، خەریكبوو بەرەو

ڕێڕەوەکەی پشتەوە رامدەکرد. بەسەر سندوقێکی پڕ لە مرەبای میوەدا کەوتم، بزمارێك لە سندوقەکەوە دەرپەڕیبوو، کاتێك کەوتم بزمارەکە چەقی بە زمانمدا، کاتێك گەڕامەوە بۆ ماڵەوە دایکم وتی: "بەهۆی جنێودان بە مامۆستاکەت خواوەند تۆی سزاداوە". هیچ گومانێکم بەرامبەر بە راستی قسەکانی دایکم نەبوو.

کاتێك فیدڵ پێنج ساڵان بوو دایك و باوکی ئەویان بە مەبەستی پەروەردەکردنی رەوانەی سانتیاگۆ لە خۆرهەڵاتی کوبا کرد، بۆ ئەوەی بە ژن و پیاوێکی ئاینی بسپێرن، لەبەرامبەر ئەو کارەدا خانەوادەی فیدڵ پارەی ژور و خۆراکیان بەو ژن و پیاوە ئاینیە دەدا، بەڵام ئەوان ئەو بڕە پارەیان خەرجی فیدڵ نەدەکرد.

فیدڵ وەبیریدێنێتەوە، کە بە برسێتی و هیلاکیەوە لە ژورێکدا زیندانیدەکرا بۆ ئەوەی خشتەی (لێکدانی ژمارەکان) لەبەربکات.

دوو ساڵ دواتر باوکی فیدڵ بڕیاریدا بینێرێت بۆ لاسال ئەکادیمیا، کە قوتابخانەیەکی ئاینی بوو لە سانتیاگۆ و زۆربەی خانەوادە دەوڵەمەندەکان منداڵەکانی خۆیان دەنارده ئەو ئەکادیمیایە، بەڵام قوتابخاکە رایانگەیاند، بە مەرجێك وەریدەگرن کە باوك و دایکی بە فەرمی هاوسەرگیری بکەن. دوای ئەوەش ئانخل و لینا هاوسەرگیریيان کرد و منداڵەکانیان لە مەراسیمێکی ئاینیدا لە کڵێسای کاتۆلیکی رۆمادا کاری پاکبوونەوە لە گوناهیان ئەنجامدا. زۆربەی خوێندکارانی لاسال شەو و رۆژ لەناو قوتابخانەکەدا ژیانیان بەسەردەبرد. فیدڵ هەستیدەکرد ئەو ئیمتیازانە لەدەستدەدات کە ئەو خوێندکارانە هەیانبوو. لەو روەوە کاتێك ئەو دایك و باوکەی کە بەخێویاندەکرد بەهۆی هەڵسوکەوتی نابەجێوە تەمبێیان دەکرد و هەڕەشەی ئەوەیان لێدەکرد، کە لەگروپی شەوانەڕۆژی قوتابخانەدا ناوی تۆماردەکەن، فیدڵ هەلەکەی قۆستەوە و لە فەرمانەکان سەرپێچیکرد و زریکاندی و هەموو ئەو قسانەی کە وتنی قەدەغەبوو کردی، وتی: جۆرێك هەڵسوکەوتم کرد، کە دەستبەجێ لە قوتابخانەی شەوانە رۆژی ناویان تۆمار کردم. ئەمەش بۆ من سەرکەوتنێکی گەورەبوو».

لەو کاتەدا تەمەنی 7 ساڵان بوو و لەگەڵ 30 خوێندکاری دیکە ژیانیدەکرد، لە دەستپێکی دووەمین ساڵی لاسالدا، رامون و راولی براشی بەوەوە پەیوەستبوون. فیدڵ دەیویست لە پۆلی خوێندن و یاریگەدا ئەو بە رابەر بزانن. ئەگەر هاوپۆلەکانی رێگەیان نەدایە لە پێشەوەی ریزەکە بێت یان لە شوێنی دڵخوازی خۆی یاریبکات شەڕ و ئاژاوەی دەنایەوە. بە «سەرکێشە لە دۆڕان بێزارەکە» ناسرابوو، کە هەرگیز شکست قبوڵناکات. ئەگەر لەکاتی شەڕ و دەمەقاڵەدا لێیان بدایە، ئەوەندە بەردەوامی بە پێکداهەڵپژانەکە دەدا تاکو سەرکەوتنی بەدەستدەهێنا.

فیدڵ و براکانی چەندینجار بەهۆی شەڕکردن و هەڵخەڵەتاندنی کەسانی تر و کەمتەرخەمیکردن لە خوێندندا توشی کێشە بوون. ئانخل لە کۆتایی ساڵی چوارەمی خوێندنی فیدڵدا، هەر سێ کوڕەکەی گەڕاندەوە بۆ ماڵەوە و رێگەی نەدا بگەڕێنەوە قوتابخانەی سانتیاگۆ. فیدڵ بە تەواوەتی دڵی ئێشابوو. هەڕەشەی ئەوەی کرد، ئەگەر رێگەی گەڕانەوەی پێنەدەن ماڵەکە دەسوتێنێت، باوکی لە بەرامبەر ئەو هەڕەشەیەدا خۆی بە دەستەوەدا و فیدڵی 9 ساڵانی رەوانەی قوتابخانەیەکی تر لە سانتیاگۆ کرد. فیدڵ لە قوتابخانەی (کۆلخیڤ دێ دۆلـۆرۆس)ی سانتیاگۆ، کە قوتابخانەیەکی مەسیحی بوو و لەلایەن یەسوعیەکانەوە ئیدارە دەکرا، زیاتر هۆگری خوێندن بوو. لە سەرەتاوە هەڵسوکەوتی نابەجێی دەکرد. بەڵام دیسیپلینی سەربازگە ئاسای قوتابخانە بۆ فیدڵ بەسودبوو. بە قوڵی سەرقاڵی خوێندنەوە و وەرزشکردن بوو، هیوایەتی ئەوە بوو لەرێگەی پاسەوە بەشداری گەشتی زانستی لە کوێستان بکات. شوێنێك کە خوێندکارەکان رێگەپێدرابوون لە هەڵکشان بە شاخەکان و مەلەکردن لە روبارەکان و پیاسەکردن لە سروشتدا. کە گەورەبوو خۆی بە یەکێك لە باشترینەکانی پۆلەکەی ناودەبرد، بەڵام بە وتەی هاوپۆلەکانی پێشوی حوێندکارێکی ماماناوەند بووە.

فیدڵ لە شانزەساڵیدا بە پێداگریەوە داوای لە خانەوادەکەی کرد رێگەیبدەن لە بەناوبانگترین قوتابخانەی ئامادەیی، «کۆلخیڤ دو بلن» لە هاڤانادا بخوێنێت. زۆربەی خانەوادەکانی کوبا توانای پێدانی پارەی خوێندنی ئەو قوتابخانەیەیان نەبوو، ژمارەیەك لە دەوڵەمەندترین خوێندکارانی کوبا لەو قوتابخانەیەدا دەیانخوێند. باوکی فیدڵ توانای تۆمارکردنی ناوی فیدڵی لەو قوتابخانەیەدا هەبوو، بەڵام خوێندکارەکانی تری قوتابخانەکە ئەو تازە لاوەیان قبوڵنەدەکرد، ئەو خوێندکارانە کە سەر بە بنەماڵە رەسەن و دەوڵەمەندەکانی پایەتەخت بوون، زۆرجار بە لادێی بانگی فیدڵیان دەکرد.

فیدڵ لەبری شەڕکردن روویکردە خوێندنەوە و بە سەختی هەوڵی ئەوەیدا لە مێژوو، کۆمەڵناسی و جوگرافیدا ببێتە یەکەم. سەرەنجام سەرنج

و متمانەی مامۆستایان و خوێندکارانی دۆبلنی راکێشا. ئەو بە بیرەوەریی سەرسوڕهێنەری خۆی هاوپۆلەکانی خستە ژێر کاریگەریەوە. یەکێك لە هاوپۆلەکانی پێشوی فیدڵ دەیگێڕێتەوە کە هەندێك لە خوێندکارەکان بە گاڵتەوە دەیانپرسی؟ فیدڵ لاپەڕە 43ی کتێبی کۆمەڵناسی باسی چیدەکات؟" فیدڵیش لەبەر هەمووی بۆ دەخوێندنەوە، ئەم توانایەش لە کۆی ژیانیدا یارمەتیدەرێکی گەورەی بوو.

مامۆستاکانی فیدڵ لە بلن، ئیسپانی بـوون نـەك کوبایی. ئەوان پیاوانێکی دەسەڵاتدار و بەهێزبوون کە بە زمانی ئیسپانی "کاودیۆسیان" پێدەوترا و بڕوایان بە فاشیزم بوو. سیستمێك کە دیکتاتۆرێك تێیدا فەرمانڕەوایی دەکات و شێوازەکانی دەسەڵاتی سەربازی بۆ کۆنترۆڵکردنی خەڵك بەکاردەهێنا. مامۆستاکانی فیدڵ لایەنگریان لە بیروباوەڕی سەرکردە فاشیستەکانی ئەو سەردەمەی ئیسپانیا دەکـرد. لەوانە: (خـۆزێ ئانتۆنیۆ پریمۆ دێ ریڤرا)ی دامەزرێنەری فاشیزم لە ئیسپانیا و (فرانسیسکۆ فرانکۆ) دیکتاتۆری ئیسپانیا.

جەنگی دووەمی جیهانی بەڕێوەبوو و فیدڵ شتگەلێکی سەبارەت بە دیکتاتۆرە نەناسراوەکانی ئەوروپا دەبیست، (ئادلۆف هیتلەر)ی ئەڵمانی و (بنیتۆ مۆسۆلینی)ی ئیتالی، ئەو پیاوە بەهێزانەی ناویان هەمیشە لە هەواڵەکاندا بەرگوێ دەکەوت ببوون بە پاڵەوانانی فیدڵ. ئەو لاسایی کردارەکانی ئەوانی دەکردەوە و وایدەنواند، کە وەکو مۆسۆلینی وتاری گشتی بەسود پێشکەش دەکات. ساڵەکانی خوێندن لە بلن بڕوابەخۆبوونێکی زۆری بەخشیە فیدڵ. لە کاتی وەرگرتنی بڕوانامەی کۆتایی خوێندنی ئامادەییدا یەکێك لە 10 خوێندکارە زیرەکەکانی قوتابخانەکە بوو و کاتێك دبلۆمی وەرگرت زیاتر لە خوێندکارانی دیکە ستایشکرا.

فیدڵ کاسترۆ کە ئیتر هیچ کەس بە جوتیاری نەدەزانی، سەرەنجام لە قوتابخانەدا بە فەرمی ناسێنرا و ڕێزی لێدەگیرا. باوکە بارۆیتۆ، ڕاهێنەری باسکتبۆڵ و مامۆستای ئەو، لە ساڵنامەی قوتابخانەدا، سەبارەت بە فیدڵ نوسی:

"فیدڵ زیاتر لەو بابەتانە خۆی نیشاندەدا کە پەیوەندی بە زانستەوە هەبوو. ئەو پاڵەوانێکی ڕاستەقینەیە، هەمیشە بە شانازی و سەربەرزیەوە بەرگری لە ئاڵای کۆلخیڤ دەکرد. تێگەیشتوە کە چۆن ستایش و سۆزی خەڵکانی تر بەدەستبهێنێت... بێگومان کتێبی ژیانی خۆی بە لاپەڕەی درەوشاوە پڕدەکاتەوە؟

دوای تەواوکردنی ئامادەیی فیدڵ خەونی یاریکردنی لە تیپە گرنگەکانی باسکەی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا هەبوو، بەڵام تواناکانی ئەو بەو رادەیە نەبوو کە وێنای دەکرد. فیدڵ لەبری ئەوەی ببێتە وەرزشکارێکی لێهاتوو، ڕێگەی سیاسەتی گرتەبەر.

## چالاکیی خوێندکاری

کاسترۆ لە نۆزدە ساڵیدا بە مەبەستی خوێندن لە بەشی یاسا چووە زانکۆی هاڤاناوە، سوربوو لەسەر ئەوەی لە سیاسەتدا خۆی پێشبخات، ئامانجی سەرەکی ئەو پێکهێنانی سیمایەکی بەهێز و بەدەستهێنانی ناو و ناوبانگی تاکەکەسی بوو و هاڤانا بۆ ئەو مەبەستە شوێنێکی گونجاو بوو. زانکۆی هاڤانا فێرگەی ئەو کەسانە بوو، کە دەیانویست بچنە ناو گۆڕەپانی سیاسییەوە. تێپەڕاندنی مەودای هاڤانا، پایتەختی جوان و دێرینی کوبا، تاکو ماڵی کاسترۆ بە شەمەندەفەر زۆری دەخایاند. خانوە جوان و ڕازاوە ئیسپانییەکان بە درێژایی بلوارە دورودرێژەکانی هاڤانا ریزببوون.

کاسترۆ کە لە فەزای زانکۆدا پیاوێکی بەرجەستە بوو، زۆرکات بە شێوەی جیاواز لە خوێندکارەکانی تر جلوبەرگی لەبەردەکرد. کاتێك ئەوان لە هەوای گەرم و شێداردا جلی وەرزشیان لەبەردەکرد، ئەو جلێکی ڕەشی چرچولۆچی لەبەردەکرد و بۆینباخی دەبەست. زۆرجار ئەویان دەبینی کە بە ئۆتۆمبیلی مۆدێل بەرزەوە لەو ناوەدا شۆفێریی دەکرد. دەیویست ئەوانی تر بخاتە ژێرکاریگەری خۆیەوە، بەڵام زۆربەی خوێندکاران لەو خۆنواندنەی ئەو بێزاربوون.

لە ساڵی 1945دا کە کاسترۆ چووە زانکۆ، کوبا بە فەرمی وەکو وڵاتێکی دیموکراتی ئەژمار دەکرا. سەرۆك (ڕامون گراو سان مارتین) یەك ساڵ پێشتر لە هەڵبژاردنێکی ئازاددا هەڵبژێردرابوو. سەرباری ئەوەش، گومان لەوەدا نییە، کە ژیان لە کوبا ئارامی تێدانەبوو. گەڕا و بە مەبەستی ترساندن و ئازاردان تەنانەت کوشتنی نەیارانی سیاسی خۆی پارەی بە تۆڕەکانی تاوانکاری دەدا، کە گروپی زەربەیان پێدەوترا. لە بەرامبەر ئەو کارانەدا پۆستی حکومی بەو تاوانبارانە دەبەخشرا، لە شەقامەکانی هاڤانا و لەناو زانکۆدا زۆرجار لایەنە سیاسیەکان ململانێ و مشتومڕی سیاسیان هەبوو.

کاسترۆ هەوڵیدەدا لە دەستە و تاقمە سیاسیەکانی ناو زانکۆ، بە تایبەت دوو گروپی زۆر بەهێزی بزوتنەوەی سۆسیالیستی (MSR) و یەکێتی شۆڕشگێران (UIR) خۆی بەدوربگرێت. ئەو دوو گروپە لە دوژمنانی سەرسەختی یەکتری و هەردووکیان خوازیاری دەسەڵات و هەژمون بوون. کاسترۆ بۆ ئەوەی بە سەلامەتی رزگاری ببێت، یان دەبوایە بە ریزەکانی یەکێك لەو دوو گروپە پەیوەست ببوایە، یان بە جۆرێك لە جۆرەکان لەگەڵ هەردوو لایەن خۆی بگونجاندایە. سەربەخۆ مانەوەی ئەو ماوەیەك کاریگەر بوو، بەڵام کاتێك بە ئاشکرا لە دژی گەندەڵیەکانی دەسەڵات قسەی دەکرد توشی گرفت بوو. پیاوانی دەسەڵات و (پارتی MSR) داوایانلێکرد کۆتایی بە هەڵوێستەکانی لە دژی دەسەڵات بهێنێت یان بۆ هەمیشە زانکۆ بەجێبهێڵێت.

کاسترۆ پێی خۆش نەبوو ناچاربیکەن بە کارێك و هەڕەشەکانی حکومەت ئەوی توشی ئاڵۆزی و شڵەژان کرد. لەو ماوەیەدا کە لە کەنارەکانی نزیك هاڤانا تەنیا بوو، پێداچوونەوەیەکی بە بۆچوونەکانیدا کرد و گەڕایەوە نەیدەویست خۆی بەدەستەوە بدات و خەونەکانی خۆی فیدا بکات، بۆ بەرگریکردن لە خۆی چەکێکی پەیداکرد، بە مەبەستی پاراستنی گیانی خۆی کاتێك لە زانکۆ دەچووە دەرەوە هەوڵیدەدا لە نێوان دۆستان و خوێندکاراندا بێت.

لە ساڵی دووەمی زانکۆدا کاسترۆ بوو بە هۆگری پارتی ئەرتەدۆکس، کە ئامانجەکانی لەقاودانی گەندەڵیەکانی دەسەڵات و چاکسازی بوو. چالاکیە سیاسیەکانی زۆر زیاتربوو لە چالاکیەکانی بواری خوێندن. توشی چەند رووداوێکی توندوتیژ بووەوە و بە "پیاوی وەحشی" ناوبانگی دەرکرد. رونبوو چ ئارەزویەکی لە مێشکدایە: دەیویست ببێت بە رێبەر، یەکێك لە هاوسەنگەرانی دەیگێڕێتەوە کە: کاسترۆ هیچ کات نەیدەویست لەگەڵ کەسانی تر کاربکات یان ببێتە ژێر دەستی کەسانی تر".

کاسترۆ لە هاوینی ساڵی 1947دا بە گروپێك لە شۆڕشگێران پەیوەستبوو، کە بەنیازبوون دەسەڵاتی زاڵمانەی (رافایل لیۆنیداس ترۆخیو مۆلینا) لە کۆماری دۆمینیکەن بروخێنن. ئەو شۆڕشگێرانە کە زۆربەیان خوێندکارانی زانکۆ بوون، مانگ و نیوێك لە دورگەیەکی بچوکدا دور لە کەنارەکانی کوبا راهێنرابوون. ئەوان هەوڵی هێرشکردنەسەر کۆماری دۆمینیکەیان دابوو، کە

> **کاسترۆ کە لە فەزای زانکۆدا پیاوێکی بەرجەستە بوو، زۆرکات بە شێوەی جیاواز لە خوێندکارەکانی تر جلوبەرگی لەبەردەکرد. کاتێك ئەوان لە هەوای گەرم و شێداردا جلی وەرزشیان لەبەردەکرد، ئەو جلێکی رەشی چرچولۆچی لەبەردەکرد و بۆینباخی دەبەست. زۆرجار ئەویان دەبینی کە بە ئۆتۆمبیلی مۆدێل بەرزەوە لەو ناوەدا شۆفێری دەکرد**

حکومەتی کوبا رێگری لەو هێرشە کرد و بڕیاریدا کەشتیەکەی ئەوان بگەڕێتەوە کوبا. بۆ ئەوەی لە لایەن سوپای کوباوە بەدیلنەگیرێت لەناو کەشتیەکەدا خۆی هەڵدایە ناو ئاوی دەریاوە و لەکاتێکدا چەکێکی بە دەستەوە بوو، مەودای 12 کیلۆمەتری لەناو ئاوە مەترسیدار و پڕ لە قرشەکاندا بە مەلەکردن بڕی تا گەیشتە کەنارەکان.

بەڵام ئەم ئەزمونە زیانی بە چالاکیە سیاسیەکانی کاسترۆ نەگەیاند و زۆری نەخایاند، کە دەستیدایە دژایەتیکردنێکی تازە. ساڵی 1948 جارێکی تر لەگەڵ خوێندکاران چوو بۆ بۆگۆتا لە کۆلۆمبیا، بۆ ئەوەی لە دژی پێکهێنانی رێکخراوی وڵاتانی ئەمریکی (OAS) کە نەتەوەیەکگرتوەکان پشتیوانی لێدەکرد چالاکی بکات. بە بۆچوونی کاسترۆ پێکهێنانی ئەو رێکخراوە رێگەیەکی تری ئەمریکا بوو بۆ دەستوەردان لە وڵاتانی ئەمریکای لاتین.

کاسترۆ هەر کە گەیشتە کۆلۆمبیا بڕیاریدا لەگەڵ یەکێك لە سەرکردە کۆلۆمبییە بەناوبانگەکان بە ناوی (خۆرخێ ئەلیسەر گایتان) چاوپێکەوتن بکات بۆ ئەوەی داوای لێبکات پشتیوانی لە شۆڕشگێڕەکان بکات. بەڵام بەر لە چاوپێکەوتنەکەی ئەوان، گایتان لە دەرەوەی نوسینگەکەی تەقەی لێکراو گیانی لەدەستدا. کوژرانی

ئەو سەرکردەیە نارەزایی و خۆپیشاندانی جەماوەری لێکەوتەوە و نزیکەی یەك لەسەر سێی شارەکە لە ئاگردا سوتا و پێنج هەزار کەسیش کوژران. لەکاتی ئەو پشێوییەدا کاسترۆ بە ناو شەقامەکاندا دەسورایەوە و بەیاننامەی دژی ئەمریکا بڵاودەکردەوە، کاسترۆی تەمەن 22ساڵ چالاکێکی سیاسی دژی ئەمریکا بوو.

دەسەڵاتدارانی کۆلۆمبیا بە زویی پرۆسەی دەستگیرکردنی بەشداربووانی ئاشوبەکەیان دەستپێکرد. کاسترۆ و خوێندکارانی دیکە بەو ئەنجامە گەیشتن کە پێویستە بگەڕێنەوە بۆ کوبا. سەرباری ئەوەی کاسترۆ ئامادەبوو بگەڕێتەوە زانکۆ، بەڵام ئامادە نەبوو واز لە چالاکییە سیاسیەکانی بهێنێت. لە ئەیلولی ساڵی 1948دا بزوتنەوەیەکی نارەزایی لەدژی بەرزبوونەوەی کرێی پاسی خستەڕێ. نارەزاییەکان کاریگەربوون و کۆمپانیای شۆفێری پاسەکان ناچاربوو کرێی پاس کەمبکاتەوە.

لە دوانـزەی ئۆکتۆبەری ساڵی 1948دا، کە کاسترۆ سەرقاڵی تێپەڕاندنی سێهەمین ساڵی زانکۆ بوو لەگەڵ خوێندکارێك بە ناوی (میرتا دیاس – بـالارت) هاوسەرگیری کرد، میرتا کە روخسارێکی جوان و باڵایەکی کورت و قژێکی رەشی هەبوو، لە خانەوادەیەکی بەناوبانگ بوو، باوکی سەرۆکی شارەوانی شاری «بانس»ی ویلایەتی ئۆرینتە بوو، ئەو دژی هاوسەرگیری کچەکەی بوو لەگەڵ ئەو گەنجە سیاسیە.

ئەگەرچی کاسترۆ لە دژی سەرمایە و سامان خەباتی دەکرد، بەڵام لەگەڵ میرتای دەزگیرانی جەژنی هاوسەرگیری رازاوە و پرخەرجییان ئەنجامدا و لە خانەوادە و هاورێ دەوڵەمەندەکانی خانەوادەکانیان برێکی زۆر پارەیان وەکو دیاری دەستکەوت. تەنانەت لە پیاوێك کە دواتر کاسترۆ لە دەسەڵاتی دورخستەوە واتا (فۆلخینسۆ پاتیستا)، دیاریەکی هەزار دۆلارییان وەرگرت.

ئەو دوو هاوسەرە دوای تێپەڕاندنی مانگی هەنگوینی لە ئەمریکا، شوێنێك کە کاسترۆ بۆ یەکەمجار هەستی بە ئارامی و ئاسایش دەکرد تێیدا، دواتر گەڕانەوە زانکۆ. ساڵی دواتر لە هۆتێلێك لە هاڤانا ژیانیان بەسەربرد، کە ئەوەندە لە زانکۆکەیانەوە دورنەبوو. باوکی کاسترۆ بە مەبەستی هاوکاریکردنیان لە دابینکردنی ژیانی رۆژانەدا پارەی بۆ دەناردن. بەوەشەوە ئەوەندە پارەیان پێنەبوو کە ژیانێکی ئاسودەیان بۆ دەستەبەربکات. کاسترۆ لەبری ئەوەی کاری زیاتر بکات بە مەبەستی دابینکردنی خەرجی ژیانیان، بەشی هەرە زۆری کاتەکانی خۆی بە چوون بۆ نوسینگەی سەرەکی پارتی ئەرتەدۆکس تەرخاندەکرد، کە لەو کاتەدا ببوو بە یەکێك لە سەرکردەکانی ئەو پارتە.

لە سێپتەمبەری ساڵی 1949دا میرتا منداڵێکی بوو، فلیکس فیدڵ کاسترۆ دیاس، میرتا و فیدڵ کوڕەکەیان ناو نا (فیدلێتۆ)، دوای چەند مانگ ئەو خانەوادەیە توانییان بگوازنەوە بۆ ئاپارتمانێکی بچوك، بەڵام هێشتا لەبواری داراییەوە وابەستەی باوکی کاسترۆ بوون. فیدڵ سەرقاڵی سیاسەت بوو دوای خوێندن کاری نەدەکرد. ئەو و میرتا ناچاربوون بە وردی ئاگاداری خەرجییەکانیان بن.

کاسترۆ لە بەهاری ساڵی 1950دا خولێکی خوێندنەوەی چڕوپڕی دەستپێکرد بۆ ئەوەی بتوانێت لەو ساڵەدا بڕوانامەی کۆتایی خوێندن لە بەشی یاسادا بەدەستبهێنێت. بیرەوەری هەرەباشی خۆی خستەکار، نەدەچووە پۆل و لە ماڵدا بێوەستان سەرقاڵی خوێندنەوە بوو. دەیتوانی تاقیکردنەوەکانی دوو ساڵ لە ماوەی 6 مانگدا تێپەڕێنێت، پایزی ئەو ساڵە کاسترۆ سێ بڕوانامەی بەرزی خوێندنی بەدەستهێنا. دکتۆرای یاسا، دکتۆرای زانستی کۆمەڵایەتی، دکتۆرای زانستە سیاسیەکان. ئەو ساڵانەی کە کاسترۆ لە زانکۆدا تێپەڕاند ئەوی بۆ ژیانی سیاسی کوبا ئامادەکرد. ئەو وانە سەختەکانی خەباتی سیاسی و وتارخوێندنەوەی گشتی و بەرگری تاکەکەسی فێرببوو.

کاسترۆ نوسینگەی پارێزەری کردەوە و تەواوی دۆسیەکانی خۆی بۆ بەرژەوەندی هەژاران تەرخانکردبوو. لەو کاتەدا ژیانی خانەوادەیی بۆ میرتای هاوسەری رۆژبەڕۆژ سەختتر دەبوو. دابینکردنی بژێوی بۆ کاسترۆ گرنگی نەبوو و بە زۆری پارەکانی بە خەڵکی هەژار یان هاوڕێیانی دەدا، لە کاتێکدا خانەوادەی خۆی لە دۆخێکی دارایی نالەباردا بـوون. تەنانەت هەندێکجار شیریان بۆ منداڵەکان و ژەمەخۆراکیان نەبوو. رۆژێك یەکێك لە هاورێیانی کاسترۆ، میرتای هاوسەری بینیبوو کە فیدلێتۆی لە باوەشکردوە و لەسەر زەوییەکە دانیشتووە و دەگری، هیچ کەلوپەلێکی ناوماڵیان نەبوو، تەنانەت بێشکەیەك بۆ فیدلێتۆ، فیدڵ دانەوەی قەرزی کەلوپەلەکانی ناوماڵی فەرامۆشکردبوو.

کاسترۆ زۆر بەکەمی کاتەکانی خۆی لەگەڵ خانەوادەکەی تێدەپەڕاند، تەواوی کاتەکانی خۆی بە شەوق و زەوقەوە پێشکەش

به سیاسەت دەکرد. ئەو کە سەرکردەی پارتی ئەرتەدۆکس بوو، بڕیاریدا ببێتە کاندیدی پارێزەران لە کۆنگرەی کوبادا. خەباتی ئەو زۆر سەرکەوتوانە بوو و خەڵك دڵنیابوون لەوەی کاسترۆ سەرکەوتودەبێت. هەروەها چاوەڕواندەکرا پارتەکەی کاسترۆ بەکاندیدبوونی رۆبێرتۆ ئاگرامنتە بۆ پۆستی سەرۆکایەتی، جڵەوی دەسەڵات بگرێتەدەست. کاندیدەکەی تر فۆلخینسیۆ پاتێستا، سەرۆکی پێشوی کوبا بوو، کە لە فلۆریدا ژیانی بەسەردەبرد و لەو کاتەدا بە مەبەستی بەشداریکردن لە خولێکی دیکەی هەڵبژاردن گەڕابووەوە کوبا. راپرسیەکان دەریدەخست پاتێستا چانسی کەمتری بۆ سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکەدا هەبوو. ئەو کاتە روداوێکی سەرسوڕهێنەر رویدا.

بەیانی رۆژی 10ی مارسی ساڵی 1952 کاتژمێر دوو و چل و پێنج خولەکی بەیانی، لەپڕ پاتێستا لە نوسینگەی فەرماندەیی سوپادا لە کامپی کۆلۆمبیا دەرکەوت. ئەفسەرانی وەفادار بە پاتێستا پێشتر کۆنترۆڵی کامپەکەیان کردبوو. پاتێستا دوای پەیوەندیکردن بە فەرماندە سەربازیەکانی دیکەوە، پشتیوانی سوپای بە تەواوەتی بەدەستهێنا، ئەو کۆنترۆڵی سەرتاسەری وڵاتی کرد. ئیتر هەڵبژاردن هەڵوەشێنرایەوە و کودەتاکەی پاتێستا سەرکەوتوانە بوو.

هیواکانی کاسترۆ بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەی کوبا بەربادبوون، ئەو هەنگاوەی پاتێستا بووە هۆی تورەبوونی بێسنووری کاسترۆ و هاوڕێکانی. دوای ئەو کودەتایەش کاسترۆ هەڵبژاردن و شۆڕشی ئاشتیخوازانەی وەلانا و چووە ریزی کۆمەڵێکەوە، کە بڕوایان بە خەباتی چەکدارانە هەبوو، ئیدی بڕیاریدا هێزی چەکداری بۆ بەدەستهێنانی ئاواتەکانی بەکاربهێنێت، کە روخاندنی پاتێستا و رزگارکردنی کوبا بوو.

## مێژوو لێمان خۆشدەبێت

پاش کودەتاکەی پاتێستا، کاسترۆ دەستی بە رێکخستنی هێزە شۆڕشگێڕەکانی خۆی کرد، لە سەرەتاکانی ساڵی (1953)دا لەگەڵ شۆڕشگێڕێکی تر_(ئابل سانتا ماریا)، پلانی یەکەم شۆڕشی خۆیان داڕشت، کە هێرشکردنە سەر بنکەی سەربازی مۆنکادا باراکس بوو لە سانتیاگۆ.

کاسترۆ خۆی شـاردەوە و هەموو کاتی خۆی تەرخانکرد بۆ بەدەستهێنانی هێزی پشتیوانی بۆ شۆڕشەکەی، بەم کارەش ژیانی خانەوادەیی کردە قوربانی، ئەو ژن و مێردە زۆر بەکەمی یەکتریان دەبینی و میرتا لە بواری داراییەوە لە تەنگژەدا بوو. شەوێك کاسترۆ گەڕایەوە ماڵ بینی میرتا و فیدڵیتۆ لەبەر تاریکی دانیشتون. میرتا بەهۆی نەبوونییەوە پارەی کارەبای نەدابوو، بەوهۆیەوە کارەباکەیان بڕابوو. منداڵەکەی نەخۆش بوو و دەگریا. وەک هەمیشە کاسترۆ سەبارەت بە خانەوادەکەی رەزیـل و پیسکە بوو. پێنج پزۆی لە هاوڕێیەکی قەرزکرد و دای بە میرتا، بەڵام ئەو سەد پزۆیەی کە لە کەسانی تری کۆکردبوویەوە لە باخەڵیدا هێشتیەوە، چونکە بۆ کڕینی چەکی دانابوو.

میرتا زۆر دڵگران بوو بەوەی کە ژیانێکی هەژارانەی هەبوو و زۆربەی کاتەکانی لە تەنیایدا بەسەردەبرد، کاسترۆ زیاتر شەیدای ژیانی سیاسی وروژێنەر و ترسناکی خۆی بوو، وەک لەوەی هاوسەر و منداڵەکەی مایەی ئارامی پێبەخشینی بێت.

ناتالیا "ناتی" ریڤۆ ئالیتا، ژنێکی سەرکێش کە جوانییەکی سەرنجڕاکێشی هەبوو، عاشقی کاسترۆ ببوو، ئەوەش دۆخەکەی خراپتر کرد. ئەو هاوسەری پزیشکێك بوو، خانەوادەکەی چەندینجار ئاگاداریان کردبوویەوە کە خۆی توشی کاسترۆ نەکات، بەڵام ئەو گوێبیستنی نەبوو. هەیمەنە و هێزی راکێشان و سروشتی سەرکێشانەی کاسترۆ ئەوی فریودا و پەیوەندییەکی عاشقانەیان پێکەوە گرێدا.

هاوکات، کاسترۆ لە ناوچەی هاڤانا نزیکەی (1200) کەسی رێکخستبوو، بۆ ئەوەی هێرش بکەنە سەر مۆنکادا باراکس. لەو گروپە نزیکەی دووسەد کەسی هەڵبژارد بۆ ئەوەی بڕۆن بۆ سانتیاگۆ و لە مەزارێکی کرێدا لە دەرەوەی شار چەك و تەقەمەنی دابینبکەن. کاتژمێر پێنجی بەیانی رۆژی (26ی تەموزی 1953)، کاسترۆ و شۆڕشگێڕەکانی چەکەکانیان کۆکردەوە بە چەند ئۆتۆمبێلێکەوە بە ناوەڕاستی شاری سانتیاگۆدا تێپەڕین، بۆ ئەوەی هێرشبکەنە سەر ئەو پێگە سەربازییە، کەسەکانی ناو ئۆتۆمبێلی یەکەم (3) سەربازی بنکەکەیان غافڵگیرکرد، یەکێکیان کوژرا و دووانەکەی تریان بەدیل گیران. کاتێك زەنگی مەترسی لێدرا، هەموویان هێرشیانکردە ناو سەربازگەکە، بۆئەوەی دەست بەسەر چەك و تەقەمەنییەکاندا بگرن، بەڵام سەریان لە سەرتاشخانەی سەربازگەکەوە دەرهێنا، بەبێ ئەوەی بزانن لە کوێ چەکیان دەستبکەوێت، بە ئاڵۆزکاوییەوە بەناو سەربازگەکەدا دەگەڕان و سەربازانی سوپاش تەقەیان لێدەکردن. لەو کاتەدا ئەو شۆڕشگێڕانەی کە کاریگەرترین چەکیان هەبوو لە

سانتیاگۆدا ونبوون و هەرگیز نەگەیشتنە سەربازگەکە.

ئۆتۆمبێلەکەی کاسترۆ دووەمین ئۆتۆمبێل بوو کە دەگەیشتە سەربازگەکە، ئەو هەر کە گەیشت زانی هەڵمەتەکەیان دۆڕاندووە و فەرمانی پاشەکشەکردنی دەرکرد. هەشت کەسیان کوژران و دوانزەی دیکەیان برینداربوون. سوپاش (13) کوژراو و بیست برینداری هەبوو.

ئەگەرچی هێرشەکەی شکستیهێنا، کاسترۆ دواتر بەشانازیی ئەو رۆژەوە، شۆڕشەکەی خۆی بە شۆڕشی (26)ی تەموز ناوزەدکرد.

لەو پشێوییەدا، هەندێك لە چەکدارەکانی کاسترۆ هەڵاتن، بەڵام زۆربەیان ئەوەندە بەخت یاوەریان نەبوو. سوپای کوبا ئەو شۆڕشگێڕانەی دەستگیرکرد و ئەشکەنجەی دان و زیاتر لە پەنجا کەسیان -لەوانە ئابل سانتا ماریا- لە هاوبەشی بەرنامەکانی کاسترۆ بەکوشتن سـزادا. بەهۆی دڕندەیی سوپاوە لە سەرتاسەری وڵات شەپۆلێك تووڕەیی و هەڵچوون سەریهەڵدا. زۆربەی هاووڵاتیانی کوبا پشتیوانیان لە شۆڕشگێڕان کرد بەتایبەت ئەوانەی کە مۆنکادیستیان پێدەوترا.

چەند رۆژێک دواتر کاسترۆ بە دڵنیابوون لەوەی کە ناکوژرێت، یان ئەشکەنجە نادرێت، بڕیاریدا لە گوندێکی نزیك سانتیاگۆ خۆی بەدەستەوەبدات. هەندێك لە مێژوونوسان دەڵێن ئەفسەرێك هاوکاریکردوە، بۆ ئەوەی رەوانەی زیندانی شار بکرێت نەک زیندانی سوپا، کە لەوانەبوو سەربازەکان لە زیندانی سوپادا بیکوژن، بەو جۆرە ئەو ئەفسەرە ژیانی کاسترۆی رزگارکرد، بەڵام ئەو ئەفسەرە تەنها فەرمانەکانی تایبەت بە پارێزگاریکردن لە کاسترۆی جێبەجێدەکرد. ئوسقوفی کاسۆلیکی و خاوەن دەسەڵاتی سانتیاگۆ، کە یەکێك لە هاوڕێیانی خانەوادەی کاسترۆ بوو، لەسەر داوای میرتای هاوسەری پاراستنی ژیانی کاسترۆی گەرەنتیکرد.

رۆژی (21)ی سێپتەمبەر کاسترۆ و (121) زیندانی دیکە لە کۆشکی دادوەری سانتیاگۆ لەبەردەم دادگادا ئامادەبوون، کاسترۆ بە کراسێکی خەتخەتی شینی تۆخ کە هیوایەتی بوو، هاتەناوەوە، قژی بە رێکوپێکی شانەکردبوو و سمێڵی دۆگلاسی تازەی رێکوپێك کردبوو. کاسترۆ کە خۆی پارێزەری خۆی بوو لە دانیشتنەکەدا کارێکی کرد کە شایەتحاڵانی دانیشتنەکە ئەشکەنجەدان و کوشتنی سەربازەکانی کاسترۆ قبوڵبکەن. کاسترۆ ئەوەندە توانای بەرگریکردنی بەهێزبوو، کە دواجار دادوەری دادگاکە فەرمانی داخستنی دادگاکەی دا. کاتێك چەند رۆژ دواتر دانیشتنی دادگا دەستپێکردەوە، حکومەت رایگەیاند، کاسترۆ نەخۆشە و بەو جۆرە رێگریکرد لە ئامادەبوونی لە دانیشتنەکەی دادگادا. دادگاییکردنی تۆمەتبارانی تر بەردەوامبوو، رۆژی شەشی ئۆکتۆبەر، دوابڕیاری دادگا سەبارەت بە (31) کەسیان دەرچوو.

دادگاییکردنی کاسترۆ رۆژی (16)ی ئۆکتۆبەر لە پشت دەرگای داخراوەوە لە نەخۆشخانە بەردەوام بوو. لەو رووەوە خەڵك نەیانتوانی بەشداری دانیشتنی دادگاییکردنەکەی بکەن. ئەو (2) کاتژمێری تەواو بەرگری لەخۆی کرد. کاسترۆ خۆی بە شوێنکەوتوی (خۆزێ مارتێ) شۆڕشگێڕی بەناوبانگی کوبا لەقەڵەمدا، کە لە ساڵی (1895دا شۆڕشی کوبای دەستپێکردبوو. مارتی سیمبۆلی خەباتی خەڵك بوو بۆ بەدەستهێنانی دادپـەروەری کۆمەڵایەتی و پاراستنی ئەمریکای لاتین لەدەست ئیسپانیا و ویلایەتە یەکگرتوەکان. کاسترۆ وتی: ”ئامۆژگارییەکانی مارتی لە دڵی من و باوەڕی شکۆمەندی تەواوی ئەو کەسانەدایە، کە لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی جیهاندا بەرگری لە مافی مرۆڤ دەکەن جێیگرتوە“.

کاسترۆ بە خۆ سەرقاڵکردن بە شوێنکەوتوانی ئەو شۆڕشگێڕە بەناوبانگەوە، سەرنجی لایەنگرانێکی زیاتری بۆ لای خۆی راکێشا.

وتەکانی ئەو بەردەوامبوو، وتی نە لە مەترسیەکان و توندوتیژی زیندان دەترسم، نە لە «تووڕەیی ئەو دیکتاتۆرە داماوە کە مۆمی تەمەنی (70) کەس لە هاوڕێکانی کوژاندۆتەوە». کاتێك قسەی دەکرد زایەڵەی بەرزی لەژوری نەخۆشخانەدا دەنگیدەدایەوە. «مەحکومم بکەن، گرنگ نییە! مێژوو لێمان خۆشدەبێت!».

سزای پانزە ساڵ زیندانیکردن بەسەر کاسترۆدا سەپێنرا. کاتێك ئەویان لە نەخۆشخانە هێنایەدەرەوە، خەڵك پێشوازییان لێدەکرد. ئەگەرچی دەچـووە زیندان، بـەڵام سەرکەوتنی بەدەستهێنابوو، حکومەتی تۆمەتبارکرد و خۆی بووە پاڵەوانی نیشتیمان.

کاتێك چووە زیندان مۆنکادیستە رزگاربووەکانی تری بینی کە زۆر نیگەرانبوون، سەبارەت بە ئەگەری لەسێدارەدانی سەرکردەکەیان. ئەو پلانێکی پەروەردە و راهێنانی رێکخست و زیندانیەکان دەستیان بە فێربوونی بابەتی جۆراوجۆر کرد، لە فیزیا و جۆگرافیاوە بگرە تا مێژووی کوبا و فەرەنسا، ئەو بە پەیڕەوەکانی خۆی وت، ئەرکی ئەوان ئامادەبوونە بۆ شۆڕشێکی نوێ و بەو قسەیە هیوایەکی خستەدڵی ئەوانەوە.

کاسترۆ جاروبار چەند لاپەڕەیەک لە دەستنوسی وتارەکەی خۆی بەناوی «مێژوو لێمان خۆشدەبێت» بە نهێنی لەرێگەی میرتای هاوسەریەوە رەوانەی دەرەوەی زیندان دەکرد. ئەو وشەکانی بە ئاوی لیمۆ دەنوسی و ئەو نوسینانە کاتێك دەردەکەوتن کە ئوتوی گەرمیان لەسەر دادەنـرا. لە مانگی شوباتدا، دوو ژن، (مەلبا ئارێناندس) و (ئایدەسانتاماریا) (خوشکی ئابل)، یەکەم مۆنکادیستەکان بوون کە لەزیندان ئازادکران. ئەو دوو ژنە دوای ئازادبوونیان هەزاران بەرگ لە وتارەکانی کاسترۆیان چاپکرد و لەسەرتاسەری کوبادا بڵاویانکردەوە. «مێژوو لێمان خۆشدەبێت» بەجۆرێك لە جۆرەکان بەیاننامەی سەربەخۆیی کوبا و راگەیاندنی گرنگی شۆڕشی کوبا بوو.

کاسترۆ لەپشت تەلەکانی زیندانەوە مایەوە، لەوێ هەم بۆ هاوسەرەکەی و هەم بۆ خۆشەویستەکەی نامەی دەنوسی. رۆژێك نامەی بۆ هەردووکیان نوسی، بەڵام نامەکان جێگۆڕکێیان پێکرابوو. (ناتی) نامەی میرتای وەرگرت و (میرتا)ش نامەی ناتی وەرگرت. تا ئەو کاتە میرتا بۆ سەردانی کاسترۆ دەچووە زیندان و جلوبەرگ و کەلوپەلی بۆ دەبرد و نامەکانی ئەوی لە زیندانەوە دەبردە دەرەوە و دەیگەیاندە دەستی شۆڕشگێڕەکان کە پشتیوانی کاسترۆ بوون. ئەو بەبینینی نامە عاشقانەکەی کاسترۆ بۆ ناتی پەرێشان بوو. پەیوەندی ئـەوان کۆتاییپێهات! بـەڵام لە بـواری داراییـەوە چۆن دەیتوانی بەرێوەبچێت؟

رافایلی برای میرتا و هاورێی کۆنی کاسترۆ، ئەوی رزگارکرد و زۆر تورەبوو لەو مامەڵە خراپەی کاسترۆ لەگەڵ میرتادا. رافایل کە دژی شێوازە شۆڕشگێرانەکانی کاسترۆ بوو، لە حکومەتی پاتێستادا ببووە پیاوێکی خاوەن دەسەڵات. هەوڵی ئەوەیدا میرتا بوتلا بەدەستبێنێت. (بوتلا پیشەیەکی حکومی بوو، تەنانەت ئەگەر کەسەکە کاری نەکردبا، موچەی وەردەگرت). میرتا بەو پارەیە توانی ژیانی خۆی رزگاربکات. ئەو پارەیەی راستەوخۆ لە دەسەڵاتێك وەردەگرت، کە کاسترۆ دوژمنی بوو و پلانی روخاندنی دارشتبوو. زۆری نەخایاند کە ئەو دووروویە میرتای توشی گرفت کرد.

کاسترۆ داوای لە میرتا کرد راشکاوانە لە دژی رامون ئارمیدا بەرپرسی رافایل قسەبکات. میرتا وەکو هاوسەری کاسترۆ هێشتا لەژێر هەژمونی ئەودابوو، پەیرەوی لە فەرمانەکەی کاسترۆ کرد و لە چاپەمەنیەکاندا لە دژی ئارمیدا، واتا هـەر ئـەو کەسەی کە بوتلای بـەو دابـوو

> **لە کۆتایی ساڵی (1957)دا، حکومەت بڕی سەد هەزار دۆلار خەڵاتی بۆ سەری کاسترۆ بەمردوویی یان زیندویی تەرخانکرد، بەڵام کاسترۆ هەرگیز دەستگیرنەکرا.**

قسەیکرد. ئەو کات ئارمیدا لە رۆژنامەدا هێرشیکردە سەری و ئاشکرایکرد کە ئەو بوتلا وەردەگرێت. میرتا شەرمەزار بوو، کاتێك کاسترۆ ئاگاداری بابەتەکە بوو زۆر تورەبوو.

ماوەیەک دواتر میرتا داوای جیابوونەوەی کرد، بەم جۆرە ژیانی هاوبەشی ئەوان کۆتاییپێهات. هەردووکیان خیانەتیان لە یەکتری کردبوو. کاسترۆ ماوەیەک حاڵی پەرێشان بوو. کێشە لەسەر گرتنەخۆ و خاوەندارێتی فیدڵتۆ چەند ساڵێکی خایاند. سەرەنجام کاسترۆ لەو ململانێیەدا سەرکەوتوبوو.

کاسترۆ ئەو کاتەی لە زینداندا بوو، وەکو کەسایەتییەکی سیاسی ناوبانگی دەرکـرد، زۆربەی کوبیەکان داوای ئازادکردنی کاسترۆ و لێبوردنیان بۆ دەکـرد. لە ساڵی (1954)دا، پاتێستا بەبێ ئەوەی رکابەرێکی هەبێت، بۆ خولێکی تر بووەوە بە سەرۆکی کوبا. پاتێستا بەهۆی سەرکەوتنیەوە هەستی بەدڵنیایی دەکرد، بریارێکیدا، کە دواتر بووە مایەی پەشیمانی بۆی. لە بەرامبەر فشارەکاندا بۆ ئازادی کاسترۆ و مۆنکادیستەکان لە زینداندا خۆی بەدەستەوەدا و دوای نزیکەی دوو ساڵ لە زیندان ئازادکرا.

ڕۆژی (15)ی ئایاری ساڵی (1955)، فیدڵ و رائولی برای و هاوڕێکانی دیکەیان لە زیندان ئازادکران، ئەوان لەرێگای بەلەمێکەوە لەو دورگەیەی کە زیندانیکرابوون، گوێزرانەوە بۆ خاکی سەرەکی کوبا، کاسترۆ لەگەڕانەوەیدا بۆ هاڤانا لەلایەن لایەنگرانیەوە بەگەرمی پێشوازیلێکرا، لەلایەن خوێندکارانی ئەو زانکۆیەوە وەکو قارەمانێك پێشوازی لێکرا، کە سەردەمانێك دەیویست ببێتە سەرکردەیان، بەڵام سەرکەوتو نەبوو، کاسترۆ رووبـەڕووی پاتێستا بوویەوە و رێز و خۆشەویستی کوبیەکانی بەدەستهێنا.

## رابەری جەنگی پارتیزانی

کاسترۆ پاش ئازادبوونی لە زیندان کاتی بەفیڕۆنەدا، کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی ئەنجامدا و بەڵێنی بەلایەنگرانی دا، کە درێژە بەخەبات بدات، نامیلکەیەکی نوسی لە رۆژنامەی لاکایا، کە گرنگترین رۆژنامە بوو لە هاڤانا چاپکرا. لەو نامیلکەیەدا نوسرابوو:

«ئەگەرچی لە زیندان هاتوینەتە دەرەوە... رایدەگەیەنین لەپێناوی بیروباوەڕماندا بەنرخی گیانیش رادەوەستین... باوەڕێکی نوێ، جۆرێك لە هۆشیاری نوێ لە ناخی گەلدایە. هەوڵدان بۆ کوژاندنەوەی کارەساتی بێوێنەی بەدواوە دەبێت...».

کاسترۆ لەگەڵ لایەنگرانی درێژەی بە میتینگ و وتارەکانی دا. چەندین وتاری نوسی و لە وتارەکانیدا هەوڵیدا خەڵك لە شۆڕشی (26)ی تەموز تێبگەیەنێت. بە پێشکەشکردنی وتار لە دژی پاتێستا ژیانی خۆی خستە مەترسییەوە، بڕیاریدا هەرگیز دوو شەو بە بەردەوامی لە شوێنێکدا نەمێنێتەوە بە بەردەوام لەماڵی هاوڕێیەکیەوە دەچوو بۆ ماڵی هاوڕێیەکی تری. فیدڵ و راولی برای وردەوردە لە گیانی خۆیان دەترسان، بۆ ئەوەی تیرۆر نەکرێن بەرەو مەکسیك هەڵاتن و لەوێش درێژەیاندا بە پلاندانان بۆ شۆڕش.

لە مەکسیك کاسترۆ لەگەڵ ئێرنستۆ گیڤارا، پزیشکی گەنجی ئەرژەنتینی ئاشنا بوو. گیڤارا لە زانکۆی بوێنس ئایرسی ئەرژەنتین لە بەشی پزیشکیدا خوێندبووی. ئەو پاش تەواوکردنی خوێندن ماوەیەك لە حکومەتەکەی (ژاکوبۆ ئاربنسدا) کاریکرد. کاتێك کە دەزگای هەواڵگری ناوەندی ویلایەتە یەکگرتوەکان (CIA) بۆ روخاندنی حکومەتەکەی ئاربنس کودەتایەکی سەربازی رێکخست، گیڤارا هەوڵیدا خەڵك بۆ خۆڕاگری لەبەرامبەر ئەو کودەتایەدا هانبدات، ئەو شکستیهێنا و بەرەو مەکسیك هەڵات. ئەو روداوە ئەوی بەو ئەنجامە گەیاند، کە بۆ دەستەبەرکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە ئەمریکای لاتین، پێویستە خەباتی چەکداری رێکبخات.

گیڤارا شەیدای کاسترۆ و باوەڕەکانی بوو، چەند کاتژمێر دوای یەکەم چاوپێکەوتنیان، گیڤارا وەکو پزیشکی پارتیزانەکان چووەریزی بزوتنەوەکەوە. ئەو تەنها ئەندامی ئەو بزوتنەوە پارتیزانیەی کاسترۆ بوو، کە خەڵکی کوبا نەبوو. کاسترۆ بە سەرنجراکێشی رابەری دەکرد و گیڤارا بۆ راکێشانی سەرنجی ئەندامان پشتی بە لۆژیك و بەڵگەهێنانەوە دەبەست، ئەو دوو سەرکردەیە دوانەیەکی باشیان پێکهێنا.

کاسترۆ و فەرماندەکانی، هەوڵیاندەدا لە مەکسیکۆسیتیەوە مەفرەزەکان بۆ هێرشکردنە سەر کوبا لەرێگەی دەریاوە ئامادەبکەن، بەڵام ئەو مەفرەزانە بەباشی رێکنەخرابوون و پشتیوانی دارایی باشیان نەبوو، خەرجی چەك و چۆڵ و تەقەمەنی پێویست زیاتر لەو پارەیە بوو کە ئەوان هەیانبوو، لەو روەوە کاسترۆ هەوڵی کۆکردنەوەی یارمەتی دارایی لەنێوان ئەو کەسانە دەدا، کە سەر بە بزوتنەوەی (26)ی تەموز نەبوون.

کاسترۆ و (81) کەس لە ئەندامەکانی -فیدڵیستەکان- نیوەشەوی زریاناوی (25)ی نۆڤەمبەری ساڵی (1956) لەرێگەی بەلەمێکی بایی و کۆنەوە بەناوی گراندا لە بەندەری توکسپانی مەکسیکەوە کەوتنەڕێ، لەو کاتەدا لایەنگرانی کاسترۆ لە کوباش ئامادەبوون. کاسترۆ پەیامی نهێنی بۆ ئەوان دەنارد و ئەوانی بۆ ئەنجامدانی هێرشێك لە ناوخۆی کوبادا لە رۆژێکی دیاریکراودا هاندەدا، بۆ ئەوەی لەگەڵ چوونەوەی کاسترۆ و چەکدارەکانی بۆ ناو کوبا دەستپێبکەن.

سەرباری ئەوەش کەشوهەوا رۆڵێکی گرنگی لە دەرەنجامی هێرشەکەدا هەبوو. فیدڵیستەکان لە رێگای کوبادا بوون کە زریانێکی قورس هەڵیکرد، زریانەکە شەپۆلێکی گەورەی پێکدەهێنا، کە بە لرفەوە بەلەمە بچوکەکەی ئەوانی رادەماڵی ئەندامەکانی ناچاربوون بە دەبە ئاوی ناو بەلەمەکە بەتاڵبکەن، بۆ ئەوەی ژێر ئاو نەکەوێت، کاسترۆ و فیدڵیستەکان لە پلانەکەیان دواکەوتن، هەربۆیە کاتێك شۆڕشگێڕەکان لە سانتیاگۆ دەجەنگان، کاسترۆ هێشتا لە دەریادا بوو، ئەوان سەرەنجام رۆژی یەکی دیسەمبەر گەیشتنە کوبا، بەڵام بەلەمەکەیان بەر لەگەیشتن بە کەنارەکان نوقمبوو.

لە کاتێکدا فیدڵیستەکان بە مەلەکردن بەرەو کەنارەکان دەچوون، کەشتیە جەنگیەکان و گەشتە ئاسمانییەکانی کوبا دەستڕێژیان لێدەکردن. شۆڕشگێڕەکان لە دورگەیەکدا جێگیربوون، کاسترۆ زۆر جەسورانە وەکو هەمیشە چووە ماڵی گوندنشینێکەوە و وتی، نەترسن من فیدڵ کاسترۆم، ئێمە ئامادەین خەڵکی کوبا رزگاربکەین.

رۆژنامەکانی ئەمەریکا بڵاویانکردەوە، کە فیدڵ کاسترۆ لە هێرشەکاندا کـوژراوە، حکومەت کوژرانی کاسترۆی رەتکردەوە، هەرچەند رەتکردنەوەکەی حکومەت کاریگەریەکی ئەوتۆی نەبوو، یونایتێد پرێس ئینتەرناشیۆناڵ ئەو هەواڵەی بڵاوکردەوە، سەرەتا کوبییەکان و خەڵکی جیهان باوەڕیان بە هەواڵەکە کرد.

چوار رۆژ دواتر هێزەکانی سوپا فیدڵیستەکانی خستە کەمینەوە، تەنها (16) کەسیان رزگاریان بوو، فیدڵ و راولی برای و گیڤارا بە سەلامەتی رزگاریان بوو. مەرگ جارێکی تر بە بناگوێی کاسترۆدا تێپەڕی، رزگاربوان بەرەو زنجیرە چیاکانی سیێرا مایسترا هەڵاتن، لەوێدا کاسترۆ درێژەی دا بە بەرنامەکانی بۆ شۆڕش.

کاسترۆ شێوازێکی هۆشمەندانەی لەسەردا بوو، بۆ ئەوەی جیهان لە زیندوبوونی خۆی ئاگادار بکاتەوە و بۆ شۆڕشەکەی پشتیوانی بەدەستبهێنێت، پەیامێکی ئاراستەی لایەنگرانی لە هاڤانا کرد و ئاگاداریکردنەوە کە بەنیازە لەگەڵ ئاژانسێکی بیانیدا چاوپێکەوتن ئەنجامبدات. نیویۆرك تایمز، (هێربێرت ئێل میتۆز) لە سەرنووسەرانی بە ئەزمونی خۆی رەوانەی چیای سیرا مایسترا کرد.

کاسترۆ بۆ ئەو چاوپێکەوتنە، کە بڕیابوو جیهان شایەتی بێت، هەنگاوی پێویستی هەڵگرتبوو، کاتێك کاسترۆ لەگەڵ میتۆزدا قسەی دەکرد، چەکدارەکانی لە پشت سەریەوە هاتوچۆیان دەکرد. بۆ ئەوەی وەها بنوێنێت کە سوپاکەی سوپایەکی گەورەیە، هەر ئەو کەسانە بە درێژایی چاوپێکەوتنەکە چەندینجار بە جلی جۆراوجۆرەوە لەبەردەم کامێراکەدا تێپەڕین، کاسترۆ ئاماژەی بە گروپە پارتیزانیەکانی تردا بۆ ئەوەی سوپاکەی گەورەتر نیشانبدات، میتۆز فریوی خوارد و کەوتەژێر کاریگەرییەوە. لە راپۆرتەکەیدا کاسترۆی وەکو رابەرێکی بەهێز و بە سوپایەکی گەورە و باوەڕێکی بە ویژدانانە و دادپەروەرانەوە وەسفکرد.

«فیدڵ کاسترۆ سەرکردەی شۆڕشگێڕە گەنجەکانی کوبا زیندووە، لە ناوچەی سەخت و شاخاوی زنجیرە چیای سیرا مایسترا بە سەختی و سەرکەوتوانە خەبات دەکات. پاتێستا لێهاتوترین ئەندامانی سوپاکەی لەو ناوچەیە جێگیرکرد، بەڵام تا ئێستا سوپا نەیتوانیوە مەترسیدارترین دوژمنێك لەناوببات کە ژەنەڕاڵ پاتێستا لە پلەی رابەر و دیکتاتۆری کوبادا بەخۆیەوە بینیوە.

ئەو چاوپێکەوتنە شۆڕشەکەی خێراکردەوە. لـەوە بـەدواوە کوبیەکان دەیانزانی کاسترۆ زیندوە. لە سەرتاسەری کوباوە پارە بۆ پشتیوانی شۆڕشگێڕان کۆکرایەوە و خەڵکانێکی زۆرتر چوونە ریزەکانیانەوە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا فیدڵ کاسترۆی بە پاڵەوانێکی رۆمانتیك وەسفدەکرد.

لەو کاتەدا ژیان لە سیرا مایسترا بە سەختی تێدەپەڕی. خۆراك زۆر کەم و سادە بوو، شۆڕشگێڕان رۆژانە تەنها یەک ژەم خۆراکیان دەخوارد، بەزۆری سەوزە و برنج و جاروباریش پەلەوەر. پارتیزانەکان لەسەر زەوی یان لەناو ئەو جۆلانانەدا کە خۆیان دروستیاندەکرد دەخەوتن، بە هەڵبەزین و دابەزین لە ناوچە شاخاویەکاندا لەبەر باران و لە قوڕدا راهێنانیان پێدەکرا. کاتێك نەخۆش دەکەوتن دەرمانی پێویستیان دەستنەدەکەوت، هەندێك جار گیڤارا کە توشی رەبۆ دەبوو، وەها نەخۆشدەکەوت کە نەیدەتوانی ئەوانی دیکە چارەسەربکات. کاسترۆ بەزۆری ددانئێشەی زۆر قورسی هەبوو و لەناو تیمەکاندا پزیشکی ددان بوونی نەبوو.

زۆربـەی ئەو کەسانەی کە بۆ چوونەناو ریـزی شۆڕشگێڕان هاتبوون، نەمانەوە، ئەوانەی کە گیانیان رزگاربووبوو -زیاتر پیاوان بوون، تەنها چەند ژنێکیان تێدابوو- بەهۆی هەبوونی باوەڕی قوڵ بە رێبازەکەیان، خۆڕاگرییان دەکرد. ئامانج و هیواکانیان، هاوڕێ لەگەڵ لێهاتویی و زانایی کاسترۆ ئەوانی بەزیندویی دەهێشتەوە.

ژنێك بە نـاوی سێلیا سانچێس لە چیاکانەوە چـووە ریزی پارتیزانەکانی کاسترۆ. سانچێس بوێر و هۆشیار و شەیدای خزمەتکردن بوو، دواتر بووە یەکێك لە گرنگترین کەسەکانی شۆڕش، ئەو وردبین و رێکوپێك و هێدی بوو –تەواوکەرێکی باش بوو بۆ کەسایەتی توند و جەسوری کاسترۆ. کاسترۆ زیاتر دەمدەمی مەزاجی و توڕەبوو، سانچس دەیتوانی باشتر لە هەر کەسێکی تر، لەگەڵ ئەو مشتومڕ بکات. ئەو دوانە پێکەوە تیمێکی باشیان پێکدەهێنا. ئەو یارمەتی کاسترۆی دا، بۆ ئەوەی پەیوەندی بە دنیای دەرەوە بکات و کارێکی کرد کەلوپەلی پێویست بەبێ هیچ مەترسییەک بەدەستی بگات، ئەو

وەكو بەڕێوەبەری تایبەتی و سكرتێری كاسترۆ بوو بە ژمێریای شۆڕش.

لە شارەكانی كوبا پارتیزانێكی زۆر خۆیان بە ڕێبازەكەی كاسترۆوە گرێدا، شۆڕشگێڕانی تر نەچوونە ریزەكانی سوپاكەیەوە، بەڵام هەوڵیاندا خۆیان ڕێكبخەن و دەوڵەت بروخێنن. سەربازانی پاتێستا هەزاران كەسیان بەهۆی نارەزایی دەربرین لە دژی حكومەت دەستگیركرد و بەسەختی ئەشكەنجەیان دان. دڵرەقی پاتێستا بووەهۆی ئەوەی خەڵكانێكی زیاتر بچنە ریزەكانی شۆڕشەوە، تەنانەت گروپێك هەوڵی تیرۆركردنی پاتێستایان دا، لە هەوڵی كوشتنەكەی پاتێستادا (35) كەس لە شۆڕشگێڕان كوژران.

پاتێستا تورە و بێزار بوو بەرامبەر بەو ناوبانگەی كە كاسترۆ بەدستیهێنابوو، ئەو كە بێزاربوو لە تواناكانی خۆی بۆ راگرتنی كاسترۆ، یەكە سەربازیەكانی رەوانەی سیرا ماستێرا، كرد بۆ ئەوەی ڕێگربن لە گەیشتنی خۆراك و كەلوپەل بە شۆڕشگێڕان، بەڵام سەرۆكایەتییەكەی ئەو ئەوەندە پایەدار نەبوو. سوپای چل هەزار كەسی ئەو، ڕێكخستنێكی خراپی هەبوو، پەروەردەیان كەمبوو، تێكەڵی دەغەڵكاری بوون.

لە كۆتایی ساڵی (1957)دا، حكومەت بڕی سەد هەزار دۆلار خەڵاتی بۆ سەری كاسترۆ بە مردویی یان زیندویی دەستنیشانكرد، بەڵام كاسترۆ هەرگیز لە حەشارگەكەی خۆی لە چیاكاندا دەستگیرنەكرا، بەپێچەوانەوە بە كۆنترۆڵكردنی ناوچەیەكی بەرفراوانتر لە سیرا ماسیترا سوپا بچوكەكەی گەورەتر بوو و ژمارەیان گەیشتە (300) كەس. زۆربەی گوندنیشینانی بناری چیاكان چوونە ریزی سوپاكەی كاسترۆوە. شۆڕش لە سەرتاسەری كوبا پێگەی بەهێزتر بوو، خەریك بوو هەموو جیهان لە درندەبوونی دیكتاتۆریەتی پاتێستا تێدەگەیشت. تەنانەت ویلایەتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا، كە پشتیوانی لە پاتێستا دەكرد، رویەكی خۆشی نیشان نەدەدا.

پاتێستا كە لە دەستی چریكەكان هیلاك و ماندوو ببوو، بڕیاریدا بۆ هەمیشە كۆتایی بەو خەباتە بهێنێت كە كاسترۆ دەستیپێكردبوو. لە مانگی ئاياری ساڵی (1958)دا، 10 هەزار سەرباز و هێزی ئاسمانی خۆی رەوانەی سیرا مایسترا كرد، زۆربەی فڕۆكە و چەكەكانی پاتێستا، لەلایەن ئەمریكاوە دابیندەكرا. ویلایەتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا هەوڵیدا ڕێگەنەدا چەك و تەقەمەنیەكانی لەلایەن پاتێستاوە لە دژی گەلەكەی خۆی بەكاربهێنرێت، چونكە دەیزانی ئەو كارەی دەبێتەهۆی بێزراوبوونی ئەمریكا لەلای هاووڵاتیانی كوبا. كاتێك پاتێستا هێرشیكردە سەر سوپا بچوكەكەی شۆڕشگێڕان، كاسترۆ و پاتیزانەكانی توانیان بە سەلامەتی خۆیان حەشاربدەن، بەڵام زۆربەی گوندنشینانی ناوچەكە كـوژران. كاتێك كە كاسترۆ زانی چەكەكانی ویلایەتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا خەڵكانێك دەكوژێت كە ئەو بەتەمایە رزگاریان بكات، تورەبوونەكەی زیاتر بوو. كاسترۆ لە نامەیەكدا بۆ سێلیا سانچێسی یاریدەدەری نوسی:

سوێند دەخۆم ئەمریكیەكان بەهۆی ئەو كارەی كە دەیكەن، دەبێت باجێكی گەورە بدەن. كاتێك ئەم جەنگە كۆتایی پێبێت شەڕێكی گەورەتر و بەرفراوانتر بۆ من دەستپێدەكات. جەنگێك كە من لە دژی ئەوان ئەنجامی دەدەم. دەزانم چارەنوسی راستەقینەی من ئەمەیە.

لە مانگی ئازای (1958)دا شۆڕشگێڕان لە پێكدادانێكی گرنگدا سەركەوتوو بوون، ئەوان هێرشیان كردە سەر سەربازگەیەكی سوپا لە ئێل ئۆبێرۆ، شەش كەس لە شۆڕشگێڕان كـوژران، بەڵام (52) سەربازی پاتێستا خۆیان بەدەستەوەدا. ئەو جەنگە خوێناوی و سێ كاتژمێرییە ئەوەی نیشانی شۆڕشگێڕان دا كە دەتوانن لە بەرامبەر سوپاكەی پاتێستادا بجەنگێن و سەركەوتن بەدەستبهێنن. ئێل ئۆبێرۆ متمانەبەخۆیی زیاتر و كەلوپەل و خۆراك و تەقەمەنی و ئۆتۆمبێلی گواستنەوەی پێویستی ئەوانی دابینكرد.

كۆتاییەكانی ساڵی (1958) كاسترۆ كوێستانی بەجێهێشت، سوپاكەی خۆی لەو سەری كوباوە بەرەو هاڤانا برد. ئەو سوپاكەی خۆی كرد بە سێ بەشەوە. گروپی سەرەكی بە رابەرایەتی خۆی بەرەو سانتیاگۆ بەڕێكەوت، یەكەیەكیش بە فەرماندەیی كامیلۆ سینفۆگۆس، كە سەركردەیەكی شۆڕشگێڕی دیكە بوو، بەرەو خۆرئاوا رۆیشت، گیڤارا یەكەی سێهەمی بەرەو ناوەڕاستی كوبا برد، لەو كاتەدا سوپای پاتێستا لێكهەڵوەشابوو. فیدڵیستەكان كە سەركەوتنەكەیان توشی هەیەجان و شادومانی كردبوون، دەستیانكردە پێشڕەویكردن لە دورگەدا و گوندەكانیان یەك لەدوای یەك كۆنترۆڵ كرد. پاتێستا نیگەرانی گیانی خۆی و ئاسایشی خانەوادەكەی بوو. نیوەشەوی یەكەم رۆژی ساڵی (1959)، پاتێستا ماڵئاوای لە لایەنگرانی كرد و لەگەڵ خانەوادە و چەند كەسێك لە هاوڕێیانی لە كوبا هەڵاتن و شۆڕشەكەی فیدڵ كاسترۆ سەركەوتنی بەدەستهێنا.

## کوبای نوێی کاسترۆ

کاتێك کە فیدڵ کاسترۆ لە هەشتی کانونی دووەمی ساڵی (1959) دا سەرکەوتوانە چووە ناو هاڤاناوە، ئاشکرا بوو کە کوبییەکان ئەویان بە ڕابەری خۆیان دەزانی، ئەوان پێیان وابوو کاسترۆ لە دەیان ساڵ دیکتاتۆری پاتیستا و گرایۆ و کەسانی تر کە ئەزمونیان کردبوو، ڕزگاریاندەکات.

کاسترۆ ڕایگەیاند «بەنیاز نییە بەشداری لە حکومەتدا بکات و فەرماندەیی گشتی هێزە چەکدارەکانی گرتە ئەستۆ. دادوەر (مانوێل ئۆرۆتیا) وەکو سەرۆك کۆمار، ئیدارەی نوێی وڵاتی گرتەدەست و خۆسە میرۆ کاردۆنای پارێزەر، کە پێشتر داوای دەستلەکارکێشانەوەی پاتێستای کردبوو، بوو بە سەرۆك وەزیرانی کابینە نوێیەکە، بەڵام کاسترۆ تاکە کەسێك بوو کە خەڵك تەنها گوێیان بۆ قسەکانی ڕادەگرت، ئەو درێژەی بە وتارە گشتییەکانی لە سەرتاسەری هاڤانا دەدا و ئەوەی ڕادەگەیاند کە دەوڵەتی نوێ بەنیازبوو ئەنجامیبدات. هەرجارێک کە کاسترۆ قسەی بۆ خەڵك دەکرد لە هەیمەنەی سەرۆکایەتی ئۆرۆتیا زیاتر کەمدەبوویەوە.

کاسترۆ لە پلەی فەرماندەی هێزە چەکدارەکاندا، فەرمانی بە ڕاول کاسترۆی برای کرد، ئەو کەسانەی لە سەردەمی دەسەڵاتەکەی پاتیستادا دەستیان لە کوشتن و تاواندا هەبووە بدۆزێتەوە، زۆر زوو (70) کەس دادگایی و لەسێدارەدران بە درێژایی چەند مانگی دواتر سەدان کەسی دیکە گرفتاربوون، کاتێك کە هێزەئاسمانییەکانی پاتێستا لە دادگادا بێتاوانییان سەلمێندرا، کاسترۆ جارێکی تر دادگایی کردنەوە و سزای زیندانی بەسەریاندا سەپاند.

لەو ڕووەوە، کە کاسترۆ بە شێوەی جۆراوجۆر بەرپرسیارێتی لەئەستۆ بـوو، میرۆ کـاردۆنـای سـەرۆك وەزیـران بێزار بـوو و دەستیلەکارکێشایەوە. لەسەر داوای کاسترۆ ئۆرۆتیا بنای سەرۆك کۆمار، پۆستی سەرۆك وەزیرانی کوبای پێسپێردرا.

کاسترۆ لە سەرەتای مانگی نیساندا، بەو هیوایە سەردانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای کرد، کە وێنەیەکی گونجاو لە حکومەتی نوێی کوبا نیشانبدات. ئەو بەڵێنی بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دا کە شۆڕشەکەی زیان بە داراییەکان و کاروکاسپی ئەوان نەگەیەنێت. لە ئەمەریکادا خەڵك بە شادومانیەوە پێشوازیان لە کاسترۆ کرد. ئەو بە ئەمریکیەکانی وت، کۆمۆنیست نییە و ڕێگەنادات کۆمۆنیستەکان

> **ئەمریکیەکان بەهۆی ئەو کارەی کە دەیکەن، دەبێت باجێکی گەورە بدەن. کاتێك ئەم جەنگە کۆتایی پێبێت شەڕێکی گەورەتر و بەرفراوانتر بۆ من دەستپێدەکات. جەنگێك کە من لە دژی ئەوان ئەنجامی دەدەم. دەزانم چارەنوسی ڕاستەقینەی من ئەمەیە.**
> 
> ”

کاریگەری لەسەر بڕیارەکانی دابنێن. بەڵێنی ئەوەشیدا کە کوبا لەبەرامبەر بە کۆمۆنیزم و یەکێتی سۆڤیەتدا، پشتیوانی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکات.

کاسترۆ لەگەڵ ڕیچارد نیکسۆن جێگری یەکەمی سەرۆکی ئەمریکا و چاوپێکەوتنێکی دوو کاتژمێریی ئەنجامدا، نیکسۆن کەوتە ژێرکاریگەری هێزی ڕاکێشان و توانای ڕابەریکردنی کاسترۆوە، بەڵام لەو بڕوایەدابوو کاسترۆ هەڕەشەیە بۆ سەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. نیکسۆن دەستبەجێ دوای چاوپێکەوتنی لەگەڵ کاسترۆ، فەرمانی بەدەزگای هەواڵگری (CIA) کرد پیلانی لەناوبردنی دابڕێژن. ئەمریکیەکان لە هەموو شوێنێك بەرێزەوە مامەڵەیان لەگەڵ ڕابەری نوێی کوبا دەکـرد، گوێیان بۆ وتارەکانی ڕادەگـرت و بەشدارییان دەکـرد. کاسترۆ سەری سوڕدەما لەوەی کە ئەو ئەمریکیانەی کە ئەو بێزارە لێیان، بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن. لە نیویۆرك جەماوەرێکی زۆر بۆ چاوپێکەوتنی کاسترۆ کۆبوونەوە. ئەو لە زانکۆکانی پرینستۆن و هارڤارد لەناو ئاپۆڕای جەماوەرێکی زۆردا، وتاری پێشکەشکرد، سەرکەوتوانە خوێندکاران ئەویان وەک نیشانەی ستایشکردن لە کۆڵدەکرد. کاسترۆ کە وەکو هەمیشە جلی سەوزی

زەیتونی سەربازی لەبەردابوو و ریشێکی درێژی هەبوو، خوازیاری هاوکاری نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و کوبای نوێ بوو. خوێندکارانی رادیکاڵی ئەمەریکی کاسترۆیان بە قارەمانێکی بەهێز و رۆمانتیك لقەڵەمدەدا، ئەوانیش لەو بڕوایەدابوون، کە وڵاتە زلهێزەکان مافی وڵاتە هەژارەکانی جیهان پێشێلدەکەن.

ئەوان کاسترۆیان بە قارەمانی جیهانی مۆدێرن وەسفدەکرد، کە بۆ جیهانی مۆدێرن دەجەنگێت. کاسترۆ گەڕایەوە کوبا و کاتەکانی خۆی تەرخانکرد بۆ ئامادەکردن و جێبەجێکردنی یاسا نوێیەکان. لە ماوەی یەک ساڵدا دەرکەوت کە پابەند نییە بە بەڵێنیەکانی خۆی بەرامبەر بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، دەستیکرد بە لەناوبردنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە کوبادا. حکومەت خاوەندارێتی کۆمپانیا کوبی و بیانیەکانی بەدەستەوەگرت و خاوەنانی پێشوشی قەرەبوو نەکردەوە.

پارتی کۆمۆنیستی کوبا بەر لە بەدەسەڵات گەیشتنی کاسترۆ، رێکخراوێکی پتەو و نیشتمانی بوو. کاسترۆ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی، داوای یارمەتی لە پارتی کۆمۆنیست کرد و لەبەرامبەردا پۆستی باڵای حکومی بە بەرپرسانی ئەو پارتە سپارد. زۆربەی پەیڕەوانی خوێندەواری کاسترۆ و کەسانێکی تر، کە لە حکومەتدا بوون، لەوانە ئۆرۆتیای سەرۆك کۆمار، ناڕازاییبوون بەرامبەر بە بۆچوونە کۆمۆنیستیەکانی کاسترۆ، کاتێك ئۆرۆتیا بە نەرمی رەخنەی لە کۆمۆنیستەکان گرت، کاسترۆ توڕەبوو. ئەو بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆی، پشتقایم بوو بە ئۆرۆتیا.

لە مانگی حوزەیرانی (1959)دا پرۆژەیەکی سەرسوڕهێنەری بۆ لەناوبردنی سەرۆك کۆمار جێبەجێکرد. سەرەتا رۆژنامەی رۆلۆسیۆن بە مانێشتی گەورەی سور نووسی «کاسترۆ دەستلەکاردەکێشێتەوە!» ئەو مانشێتە بووەهۆی ئەوەی خەڵك لە سەرتاسەری کوبا بڕژێنە سەر شەقامەکان و خۆپیشاندان ئەنجامبدەن، فیدڵ رابەری ئەوان بوو، نەیاندەویست دەستلەکاربکێشێتەوە!

لەو کاتەدا کاسترۆ دیارنەما. خەڵکی کوبا لـەوە دەترسان بەجێیان بهێڵێت. دوای شەش رۆژ گەڕایەوە هاڤانا، دەیزانی خەڵکی تۆقاندوە. لە تەلەفزیۆنی نیشتمانیەوە کە زۆرجار لەوێوە قسەی لەگەڵ خەڵك دەکـرد، رایگەیاند: بەهۆی ئـەوەی لەگەڵ سەرۆك کۆمار ئۆرۆتیا کێشەی هەیە دەستی لەکارکێشاوەتەوە، دواتر ئەوی بە خیانەتکردن تۆمەتبارکرد و کەسایەتی ئەوی روشاند، ئۆرۆتیا حەپەساو و شکستخواردو، بە جلی شیرفرۆشەوە لە وڵات هەڵات. لە (26ی حوزەیرانی 1959)دا کاسترۆ رەزامەندی دەربڕی لەسەر ئەوەی وەکو سەرۆك وەزیران بگەڕێتەوە کوبا، کومۆنیستێکی بەناوی ئۆسوالد دۆرتیکۆس تۆڕادۆی وەکو سەرکۆماری نوێ دەستنیشانکرد، کە ناوبانگێکی ئەوتۆی نەبوو. لەراستیدا کاسترۆ وڵاتی ئیدارە دەکرد.

ساڵێك دوای سەرکەوتن، کاسترۆ دەستیکرد بە سنوردارکردنەوەی ئازادیی میدیا و بڵاوکراوەکان لە وڵاتدا، رۆژنامەی کوبا تەنها بە مەرجێك دەیتوانی سەبارەت بە شۆڕش راپۆرتی رەخنەگرانە چاپبکات، کە بە ناچاری هەڵوێستی فەرمی حکومەتی شۆڕشگێڕانەی نوێی کوباش چاپبکەن. رۆژنامەنوسانی کوبا زۆر توڕەبوون لەوەی کە حکومەتی نوێ هەوڵی سنوردارکردنی ئازادی راگەیاندنی دەدا، حکومەت ئەو رۆژنامانەی دادەخست، کە سەرپێچی رێنمایەکانیان دەکرد.

کاسترۆ ئەو بڕوایەی لەناو وڵاتی کوبادا جێگیرکرد کە گۆڕانکاری گەورە و پێویستی کوبا لە رێگەی پرۆسەی خاوی دیموکراسیەوە جێبەجێناکرێت. ئەو جەختی دەکردەوە کە پێویستی بە کۆنترۆڵکردن هەیە بەشێوەی دیکتاتۆری رەها لەگەڵ ئەنجامدانی چاکسازی بنەڕەتیدا.

ئەو گۆڕانکاریەکانی دەستپێکرد، بەر لە شۆڕش، پەروەردە جگە لە شارە گەورەکان دۆخێکی کارەساتباری هەبوو. زیاتر لە نیوەی منداڵانی ناوچە گوندنشینەکان لە خوێندن بێبەشبوون و رێژەی (23%) دانیشتوانی کوبا نەخوێندەوار بوون، کاسترۆ سیستمی خوێندنی گشتی لە ناوچە گوندنشینەکاندا پەرەپێدا، بەجۆرێك کە خوێندنی خۆڕایی بۆ هەموو منداڵان دەستەبەرکرا، هەموو گەورەساڵانیش فێری خوێندن و نوسین کران، حکومەت پرۆسەی چاودێری تەندروستیشی پەرەپێدا. پرۆژەی نوێی تەندروستی نیشتمانی چاودێری تەندروستی خۆڕایی بۆ هەموو کوباییەکان دابینکرا. جەماوەری هەژاری خەڵك بەگشتی رەزامەندبوون بەرامبەر بە پـرۆژەی چاکسازی کاسترۆ، بەتایبەت چاکسازی زەوی و زار.

بەڵام کوبیەکانی تر توشی شۆك بوون، کاتێك بینیان کاسترۆ بەزویی ئەو لەو بەڵێنانەی کە پێشتر دابـووی پاشگەزبووەتەوە. هەڵبژاردن چی لێهات؟ ئایا ئەو کۆمۆنیزمی بەسەر کوبادا دادەسەپاند؟ کاسترۆ لە دەسەڵاتدا لەگەڵ چ کەسێك هاوبەش بوو؟

ئەوانەی کە پشتیوانیان لە بزووتنەوەی (26) تەموز کردبوو، بەتایبەت چینی مامناوەندی خوێندەوار، سیستمی کۆمۆنیستییان پەسەند نەدەکرد، کە تێیدا دارایی و سامانەکان هاوبەشن. ئەوان خوازیاری دیموکراسی و هەڵبژاردن و هاوسەنگی زیاتر بوون لە چاکسازیدا. لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی کاسترۆ وردە وردە گروپی ئۆپۆزسیۆن و نەیار پێکهاتن. زۆربەی کەسانی کارا و پسپۆڕ پزیشکان و پسپۆڕان و خاوەن ئەزمونەکان بەرەو ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا هەڵاتن.

کاتێك کاسترۆ پۆلیسی نهێنی پێکهێنا بۆ دۆزینەوەی ئەو کەسانەی کە دژی پرۆژەکانی بوون، دیسان ژمارەیەکی تر لە کوبییەکان بەو ئەنجامە گەیشتن، کە هیچ رێگایەکیان نییە جگە لە هەڵاتن لە کوبا. رەوتێك لە پەنابەران دەستیانکرد بە هەڵاتن لە کوبادا. زۆربەیان لە مەیامی و فلۆریدا و دەوروبەری بزوتنەوەیەکیان بۆ لەناوبردنی دەسەڵاتەکەی کاسترۆ پێکهێنا.

## لە سەروبەندی جەنگی ئەتۆمیدا

کاسترۆ کاتێك بوو بە فەرمانڕەوا، دوو گروپ لە وڵاتانی جیهان لەسەر دەســەڵات رووبــەڕووی ململانێیەکی سەخت دەبوونەوە، گروپێك پێیدەوترا بلۆکی خۆرهەڵاتی کە لە یەکێتی سۆڤیەت و هاوپەیمانانی پێکهاتبوون. گروپەکەی تر لەو وڵاتانە پێکهاتبوون، کە کۆمۆنیست نەبوون، لەوانە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، ئەم گروپە خۆیان بەجیهانی ئازاد یان خۆرئاوا ناودەبرد. ململانێی ئەو دوو بەرەیە لە دژی یەکتر ناوی جەنگی ساردی لێنرا، چونکە کێشەی ئەوان لەسەر ئایدیۆلۆژیا بوو، بەرەو جەنگی راستەقینە نەچوو، بێمتمانەیی و نەگونجانی نێوان ئەو دوو گروپە، ئەگەری هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی سێهەمی لێدەکرا.

دوو زلێهزی جیهان لەو سەردەمەدا، ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت بوون، هەردوو لایەن چەکی ئەتۆمییان هەبوو، چەکێك دەیتوانی ملیۆنان کەس لەناوبات.

هەرچەند کاسترۆ کاتێك گەیشتە دەسەڵات کۆمۆنیستبوونی خۆی رانەگەیاند، بەهیچ شێوەیەک نەفرەت و بێزاری خۆی لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا نەدەشاردەوە، هەر کە فەرمانڕەوایی گرتەدەست کاری لەگەڵ کۆمۆنیستەکانی ناوخۆ و یەکێتی سۆڤیەت دەستپێکرد، بۆ ئەوەی کوبای نوێ بەبێ هاوکاریکردنی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا یەکبخات. یەکێتی سۆڤیەت بەڵێنیدا نەوتی کوبا دابینبکات. کاتێك کەشتیە نەوتهەڵگرەکانی سۆڤیەت گەیشتنە کوبا، کاسترۆ فەرمانی بە کۆمپانیا نەوتیەکانی ئەمریکا کرد لە کوبادا نەوت بەرهەمنەهێنن، کاتێك ئەو کەشتیانە سەرپێچییانکرد، حکومەت دەستی بەسەریاندا گرت. (دوایت دی ئایزنهاوەر)، سەرۆکی ئەمریکا بە کەمکردنەوەی ئاستی ئەو شەکرەی کە لە ئەمریکای دەکڕی، کاردانەوەی خۆی نیشاندا، وەڵامی کاسترۆش بەدەستەوەگرتنی کۆنترۆڵی کۆمپانیاکانی تەلەفۆن و کارەبای سەر بە ئەمریکیەکانی کوبا و سپاردنی بەرپرسیارێتیەکەیان بە حکومەتی کوبا بوو.

ململانێی نێوان دوو وڵات بەردەوام بوو، لە رۆژی چواری مارسی ساڵی (1960) کەشتیەکی فەرەنسی بەناوی لاکۆبرە لە بەندەری هاڤانا تەقێنرایەوە. کەشتییەکە پڕ بوو لە چەك و تەقەمەنی و بڕیاربوو رادەستی حکومەتی کوبا بکرێت، لەو تەقینەوەیەدا (81) کرێکاری کوبایی کوژران و سەدانی دیکەش بریندار بوون. ترس و سام شارەکەی داگرت. کاسترۆ هیچ بەڵگەیەکی بەدەستەوە نەبوو، بەڵام ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکای بە ئەنجامدانی تەقینەوەکە تۆمەتبارکرد.

دەرفەتێکی دەستکەوتبوو بۆ ئەوەی ئەمریکای پێ بەدناو بکات و کوبیەکان بێنێتە سەر ئەو بڕوایەی کە ئەمەریکا هەوڵی لەناوبردنی شۆڕشەکەیان دەدات، بەڵام ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا نکۆڵیکرد لە ئەنجامدانی تەقینەوەکە.

لە ئەیلولی (1960)دا، کاسترۆ گەڕایەوە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، بۆ ئەوەی لە نەتەوە یەکگرتووەکان وتار پێشکەشبکات، ئەو چوار کاتژمێر و نیو قسەی کرد و ئیدانەی کردەوەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکای کرد، ئەمریکای بە دابینکەری ئەو بۆمبانە تۆمەتبارکرد کە منداڵانی بێتاوانی کوبایی دەکەنە قوربانی، بەگاڵتەوە ناوی جۆن ئێف کەندی پاڵێوراوی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هێناو و بە ملیۆنەرێکی نەخوێندەوار و گەمژەی وەسفکرد.

یەک مانگ دواتر ئایزنهاوەر سزای ئابوری بەسەر کوبادا سەپاند. ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا جگە لە هەندێك مادەی خۆراکی و دەرمان هیچ شتێکی تری رەوانەی کوبا نەدەکرد، لەبەرامبەردا کاسترۆ دەستی بەسەر (166) کۆمپانیادا گرت و کۆمپانیاگەلێکی وەکو جەنەڕاڵ ئەلکتریك، کۆکاکۆلا و وۆلوۆرسی ناچارکرد دەست لە سەرمایەکانی

خۆیان لە کوبادا هەڵبگرن.

کاتێك پەیوەندییەکانی نێوان کوبا و ویلایەتە یەکگرتوەکان توشی پچڕان بوو، کوبا هۆشداریدایە کوبیەکان کە دراوسێ باکوریەکەیان، بەنیازە هێرشبکاتە سەریان، ئەو لەو بارەیەوە دڵنیابوو، بۆیە هێزەکانی ئامادەکرد.

لەو کاتەدا ویلایەتە یەکگرتوەکان، هاوکاری پیلانگێڕی کۆچبەرە کوبیەکانی دەکرد بۆ لەناوبردنی دەسەڵاتەکەی فیدڵ کاسترۆ، حکومەتی ئەمریکا مۆڵەتی بە دەزگای هەواڵگری (CIA) دا کە کوبیە تاراوگەنشینەکان رابهێنێت. سپێدەی رۆژی (17)ی نیسانی ساڵی (1961) زیاتر لە (1400) کۆچبەری کوبایی لە دوو ناوچەی کەناری کوباوە لە کەشتی دابەزین، شوێنی دابەزینەکەیان لە ناوچەیەکدا بوو بەناوی «دێ کۆچینۆس»، یان کەنداوی بەرازەکان، کە دەکەوێتە بەشی باشوری کوباوە. هێزە ئاسمانییەکانی کوبا بەخێرایی هێرشیان کردە سەریان و هەردوو کەشتیەکەیان نوقمکرد. کەشتیەکی سەر بە یەکەیەکی دەزگای هەواڵگری ئەمریکاش زیانی بەرکەوت، سوپاکەی کاسترۆ کەنداوی بەرازەکانی گەمارۆدا. ئەگەر ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا هێزی یارمەتی رەوانە نەکردایە، هەموویان دەستگیر دەکران.

سـەرۆك جۆن کەنەدی کە مـاوەی کەمتر لە سێ مانگ بوو پۆستەکەی وەرگرتبوو، نەیدەویست سوپای ئەمریکا توشی جەنگ بکات، پەنابەرەکانی بەو جۆرە بەجێهێشت، بۆئەوەی ئەگەر توانییان خۆیان رزگاربکەن، بەڵام هێزەکانی کاسترۆ (1189) کەسیان لێ دەستگیرکردن، ئەو رووداوە بۆ ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا شکست و شەرمەزارییەکی گەورەبوو، سەرکەوتنێکی گەورەش بوو بۆ فیدڵ کاسترۆ. ئەو سەرکەوتنە پێگەی جەماوەری کاسترۆی لە کوبا بەهێزتر کرد، ئەو لە بەرامبەر زلهێزێکی وەکو ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، کە تەنها (145) کیلۆمەتر لەگەڵ سنورە باکورییەکانی وڵاتەکەی دور بوو، راوەستابوو و سەرکەوتنی بەدەستهێنابوو. ئەو تەنانەت زیندانیانی لە تەلەفزیۆنەوە نیشاندا بۆ ئەوەی هەموو جیهانیان ئاگاداری ئەو روداوەبن.

لە تەمموزی (1962)دا کاسترۆ لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتی پەیمانی دۆستایەتی ئیمزاکرد و کوبای خستە نێوان ململانێی دوو زلهێزەوە، نیکیتا خرۆشۆف سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەت پرۆژەیەکی پێشکەش کردبوو: جێگیرکردنی موشەکی ئەتۆمی مەودا مامناوەند لە کوبادا، بە هەبوونی ئەو موشەکانە لە کوبادا، یەکێتی سۆڤیەت دەبووە گەورەترین هەڕەشە بۆسەر ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا. دەیتوانی بە هۆشداریەکی کەم یان بەبێ هۆشداری هێرشبکاتە سەر شارەکانی ئەمریکا.

کاسترۆ پرۆژەکەی خرۆشۆفی پەسەندکرد، ئەو پرۆژەیە توانایەکی باشی دەبەخشییە کاسترۆ لەبەرامبەر ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا، ئەو زۆر خۆشحاڵبوو بەرامبەر پشتیوانی دەوڵەتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت لە حکومەتەکەی و زۆر گەشبین بوو بەرامبەر بە هەبوونی سوپای سۆڤیەت لەناو وڵاتەکەیدا.

تا ئۆکتۆبەری ساڵی (1962) یەکێتی سۆڤیەت (20) موشەک و کڵاوەی ئەتۆمی و (40) هەزار سەربازی لە کوبادا جێگیر کردبوو، فڕۆکەیەکی سیخوڕی جۆری (یو- 2)ی ئەمریکی ئاگاداری بوونی ئەو موشەکانە بوو لەکوبادا، (کەندی)ی سەرۆکی ئەمریکا زۆر توڕەبوو بەرامبەر بە بوونی ئەو موشەکانە لە کوبادا و داوای لە خرۆشۆف کرد کۆیانبکاتەوە. کەنەدی بۆ ئەوەی نیشانیبدات کە جدییە دورگەکەی گەمارۆدا و هەڕەشەی ئەوەی کرد هێزەکانیان هەر کەشتییەکی سۆڤیەت دەکاتە ئامانج کە لە ٨٠٠ کیلۆمەتری کوبا نزیکبێتەوە، کەنەدی و خرۆشۆف لە جەنگێکی رووبەڕوودا تێوەگلان. خرۆشۆف درێـژەی دا بە ناردنی کڵاوە ئەتۆمییەکان بۆ کوبا و گروپێك لە کەشتیەکانی سۆڤیەت رەوانەی کوبا کران، جیهان بە نیگەرانیەوە لە چاوەڕوانی جەنگێکی ئەتۆمیدا بوو. ئەگەر وەها جەنگێك روویبدایە، ملیۆنان مرۆڤی بێتاوان دەکوژران. لەدوا ساتەکاندا، لەکاتێکدا کە جیهان چاودێری دەکرد، کەشتییەکانی سۆڤیەت بەر لە گەیشتن بە (800) کیلۆمەتری کوبا، گەڕانەوە. کەندی سەرکەوتنی بەدەستهێنا. کاتێك کاسترۆ هەواڵەکانی بیست توڕەیی هەموو جەستەی داگرت! بە جنێودان لە دار و دیواری دەدا و ئاوێنەیەکی شکاند، کەندی و خرۆشۆف تەواوی ماوەی یەک هەفتەی دواتر لە گفتوگۆدا بوون، دواجار لەسەر ئەوە رێککەوتن کۆتایی بە قەیرانی ئەتۆمی کوبا بهێنن، خرۆشۆف وتی ئەگەر ئەمریکا بەڵێنبدات هێرشنەکاتە سەر کوبا، ئەوا موشەک رەوانەی ئەو دورگەیە ناکات، بەڵام زۆر توڕەبوو لەوەی کە بهشداری ئەو گفتوگۆیانە نەبووە و دژی ئەوە بوو کە زلهێزەکان بەبێ

بەشداری خۆی، بڕیار لەسەر وڵاتەکەی بدەن.

## ماڵئاوایی لە رۆژگارە سەختەکان

قەیرانی موشەکی کوبا کۆتایی پێهات و کاسترۆ هەوڵیدا جارێکی تر کوبا هانبدات بۆ بەرهەمهێنانی پێداویستییەکانی، بەڵام ئەو پلانەی کاسترۆ جێبەجێ نەبوو. بەرهەمهێنانی کوبا نەیدەتوانی وەڵامـدەرەوەی پێداویستیە رۆژانەییەکانی ملیۆنان کوبایی بێت. ئابووری کوبا نەخۆشبوو، پێویستبوو کاسترۆ بەدوای هاوڕێیانی بیانی و کۆمۆنیستی خۆیدا بگەڕێت.

لە نیسانی ساڵی (1963)دا کاسترۆ سەردانی یەکێتی سۆڤیەتی کرد، زیاتر لە سەد هەزار هاووڵاتی سۆڤیەت لە گۆڕەپانی سوری مۆسکۆ پێشوازیان لێکرد. هیچ رابەرێکی بیانی دیکە توانای ئەوەی نەبوو وەکو کاسترۆ خەڵکی سۆڤیەت بخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە. ئەو پشتیوانییەکی زۆری لە سۆڤیەتی زلهێز بەدەستهێنا. لەڕاستیدا یەکێتی سۆڤیەت ئابوری کوبای بەزیندویی هێشتەوە. روسەکان شەکری کوبایان بە دووقات گرانتر لە وڵاتانی دیکە دەکڕی و نەوتیشیان بە نرخێکی هەرزان بە کوبا دەفرۆشت و چەندین هاوکاری دیکەشیان رەوانەی ئەو دورگەیە کرد، کە بە بەردەوامی ژیان تێیدا رووبەڕووی گرفت دەبووەوە.

کاسترۆ بە بەردەوامی هەوڵیدا کوبا لەرێگەی تاقیکردنەوەی کشتوکاڵیەوە، ئابوری خۆی بەهێزبکات. ئەو لە نزیك هاڤانا هەوڵی چاندنی روەکی قاوەی دا، بەڵام زەوییەکەی بۆ ئەو کارە گونجاو نەبوو و رووەکەکان لەناوچوون. هەروەها هەوڵی بەرهەمهێنانی نەوەیەکی ئاژەڵ و مانگای دا بۆ ئەوەی لە هەموو جۆرە مانگایەک لە جیهاندا شیری زیاتر بەرهەمبێنن، بەڵام ئەو پرۆژەیەشی شکستیهێنا.

لە ساڵی (1969)دا پشتیوانی لە پرۆژەیەک کرد بە ئامانجی زیادکردنی بەروبوومی شەکر بە مەبەستی رزگارکردنی ئابوریی کوبا. ئەو داوای لە هەموو کوبیەکان کرد سەختتر لە هەمیشە کار بکەن و بەروبوومی شەکر بگەیەننە نۆ ملیۆن تۆن. کاسترۆ شانبەشانی کرێکاران و خوێندکاران و تەنانەت منداڵان لە کێڵگەکان خەریکی بڕینی قامیشی شەکر بوو. ئەو دەیویست لەو رێگەیەوە پارەی زیاتر بەدەستبێنێت بۆ ئەوەی قەرزەکانی کوبای پێبداتەوە، سەرەنجام لەو رێگەیەوە وڵاتەکەی بە سەربەخۆیی دەگەیەنێت.

بەڵام پرۆژەی شەکریش بە ئامانجەکانی نەگەیشت، تەنها توانی لەو

> **کاسترۆ پرۆژەکەی خرۆشۆفی پەسەندکرد، ئەو پرۆژەیە توانایەکی باشی دەبەخشییە کاسترۆ لەبەرامبەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، ئەو زۆر خۆشحاڵبوو بەرامبەر پشتیوانی دەوڵەتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت لە حکومەتەکەی و زۆر گەشبین بوو بەرامبەر بە هەبوونی سوپای سۆڤیەت لەناو وڵاتەکەیدا.**

ساڵەدا (6.7) ملیۆن تۆن شەکر بەرهەمبهێنێت، کاسترۆ بەرپرسیارێتی ئەو شکستە گەورەیەی گرتەئەستۆ و پێشنیاری دەستلەکارکێشانەوەی کرد، بەڵام خەڵك رێگرییان کرد دەستلەکاربکێشێتەوە. ئابوریی کوبا لە هەرەسهێنان نزیك دەبووەوە، بەڵام هێشتا کاسترۆ لایەنگرانێکی وەفاداری زۆری هەبوو.

لە ناوەڕاستی دەیەی (1970)دا سیاسەتمەدارانی کوبا دەستورێکی نوێیان دارشت. بۆ یەکەمجار لە دوای شۆڕشەوە، کوبیەکان دەیانتوانی نوێنەرانی خۆجێیی خۆیان هەڵبژێرن، ئەو نوێنەرانەش رێگەیان پێدەدرا کەسانێك بە نوێنەرایەتی خۆیان رەوانەی ئەنجومەنێك بکەن کە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی یان پەرلەمانیان دەستنیشاندەکرد. ئەنجومەنی نیشتمانی دەسەڵاتی ئەوەی هەبوو بەندەکانی دەستور هەموار یان پەسەند بکات. بەڵام تەنها ئەندامانی پارتی کۆمۆنیست دەیانتوانی بین بە کاندیدی هەڵبژاردنەکان.

لە راپرسییەکدا (97.7%)ی کوبیەکان دەستوری نوێیان پەسەندکرد، کاسترۆ بەبێ هەبوونی هیچ رکابەرێك بوو بە سەرۆکی ئەو وڵاتە و وەک فەرماندەی هێزەچەکدارەکانیش مایەوە، ئەنجومەنی نیشتمانی هەڵبژێردراویش بوو بە ناوەندێك کە ئەرکی تەنها جێبەجێکردنی

بڕیارە لە پێشدا دیاریکراوەکانی پارتی کۆمۆنیست بوو، پلانی دەسەڵاتی نوێ بەجۆرێك داڕێژرابوو کە شێوە دیموکراسی بوو، بەڵام دەسەڵاتی راستەقینە لەژێر چاودێریی وردبینانی کاسترۆ و پارتی کۆمۆنیستدا بوو.

کاسترۆ لە ساڵی (1972)دا چووە ریزی ئەنجومەنی هاریکارییە ئابورییەکان (کۆمەکۆن)، کە لە وڵاتانی کۆمۆنیست پێکهاتبوو. وڵاتانی ئەندامی (کۆمەکۆن) لەسەر ئەوە رێکەوتن هەر وڵاتێك بەروبوومێك بەرهەمبێنێت کە زۆرترین لێهاتویی لە بەرهەمهێنانیدا هەیە، لەو قۆناغەدا ئابوری کوبا بوژایەوە بەهۆی هاوکاریکردن لەگەڵ وڵاتە کۆمۆنیستییەکانی تر، کاڵا و پێویستییەکان لە وڵاتانی بلۆکی خۆرهەڵاتەوە رەوانەی کوبا کران.

کاسترۆ پێشتر کوبای کردبوو بە ئەندامی گروپێکی نێودەوڵەتی دیکە، گروپێك لە وڵاتانی جیهانی سێهەم کە خوازیاری سەربەخۆیی لە زلهێزەکان بوون، لە بزوتنەوەی وڵاتانی بێلایەندا پێکەوە هاوکارییان دەکرد. لە کانونی دووەمی ساڵی (1966)دا، هاڤانا بوو بە خانەخوێی دانیشتنێکی بەرفراوانی ئەو وڵاتانە، کاسترۆ یەکەم وتاربێژ بوو تێیدا پشتیوانی خۆی بۆ هەموو بزوتنەوە شۆڕشگێڕانەکانی جیهان دەربڕی.

لە ساڵی (1975)دا کاسترۆ (20) هـەزار سەربازی خۆی بە مەبەستی هاوکاریکردنی بزوتنەوەی خەڵك بۆ ئـازادی رەوانـەی ئەنگۆلا کرد، کە وڵاتێکی ئەفریقیە. ئەو رێکخراوە یەکێك لەو (سێ) بزووتنەوەیە بوو کە بە مەبەستی سەربەخۆیی ئەو کۆلۆنییە لە پورتوگال خەباتیان دەکرد. ئەنگۆلا بە هاوکاری کوبا لە جەنگی دژی پرورتوگالدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا و ئەنگۆلا سەربەخۆ بوو. جیهانی سێهەم ستایشی ئەو سەرکەوتنەی کوبای کرد و لە ئاستی ناوخۆشدا پێگەی جەماوەری بەهێزتر بوو، ئەو لە دەیەی ساڵی (1970)دا درێژەی بە ئۆپەراسیۆنی شۆڕشگێڕانەی خۆی دا بۆ پشتیوانیکردن لە وڵاتانی جیهانی سێیەم.

لە پایزی ساڵی (1979)دا بزووتنەوەی وڵاتە بێلایەنەکان لە هاڤانا دانیشتنێکی هەبوو، هاوکات کاسترۆی بە سەرۆکی خۆی هەڵبژارد، (92) کەس لە وڵاتانی جیهانی سێهەم پلانی داهاتوی خۆیان داڕشت، کاسترۆ دوای ئەو دانیشتنە سەردانی نیۆیۆرکی کرد و لە نەتەوە یەکگرتوەکان وتارێکی پێشکەشکرد، لە وتارە دوو کاتژمێرییەکەیدا داوای لە وڵاتە دەوڵەمەندەکان کرد هاوکاری وڵاتانی هەژار بکەن لە بنەبڕکردنی برسیەتی و نەخۆشی و نەخوێندەواری و گەندەڵی لە وڵاتانی جیهانی سێهەمدا.

زیاتر لە (20) ساڵ بەسەر شۆڕشی سەرکەوتوانەی کاسترۆدا تێدەپەڕی ئەو لە ئیدارەکردنی وڵاتەکەی خۆیدا رووبەڕووی گرفتی جۆراوجۆر ببووەوە. لە بەرامبەر بەهێزترین دوژمنی خۆی، واتە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، خۆی راگرتبوو، لەو سەردەمەدا کاسترۆ لە سەرۆکی وڵاتێکی دورگەیی بچوکەوە گەیشتبووە پلەی رێبەرایەتیکردنی جیهان و ئەوەش خۆشترین ساتەکانی ژیانی ئەو بوو. بەڵام جیهان لە گۆڕاندا بوو، ئەو رووداوانەی کە لەئارادابوون رۆژگاریان بۆ کاسترۆ دژواردەکـرد. کاتێك کە یەکێتی سۆڤیەت بە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی لەناوچەکەدا هێرشی کردەسەر ئەفغانستان، زۆربەی وڵاتانی جیهان ناڕەزایی خۆیان لە دژی ئەو هەنگاوەی سۆڤیەت دەربڕی، بەڵام کاسترۆ لەو ناوەدا گیریخواردبوو، ئەگەر پشتیوانی لە سۆڤیەت بکات دەبێتە هۆی تورەبوونی وڵاتانی دیکەی جیهانی سێهەم، ئەگەر پشتیوانی لە سۆڤیەتیش نەکردایە، بە لەدەستدانی کۆمەکە بەنرخەکانی سۆڤیەت وڵاتەکەی توشی گرفت دەکرد. ئەو بڕیاریدا پشتیوانی لە سۆڤیەت بکات، بەو هەنگاوەش بووە مایەی تورەیی سەرکردەکانی وڵاتانی بێلایەن.

زۆر بەزویی کاسترۆ لەناو وڵاتەکەی خۆیدا رووبەڕووی گرفت بـووەوە، سەرەتای نیسانی ساڵی (1980) گروپێك لە ناڕەزایان بەرامبەر بە حکومەتەکەی کاسترۆ دەرگاکانی باڵیۆزخانەی پیرۆیان لە هاڤانا تێکشکاند. ئەوان داوایان لە باڵیۆز کرد لە بەرامبەر کاسترۆ و رژێمەکەیدا پارێزگارییان لێبکات.

کاسترۆ ئەوەندە تورەبوو رایگەیاند هەر کوباییەک ئازادە بچێتە ریزی ئۆپۆزسیۆنەوە. نەیدەزانی چ تا رێژەیەک قسەکەی قبوڵدەکەن، بەدرێژایی (72) کاتژمێر، زیاتر لە (10) هەزار و (800) هاووڵاتی کە ئامادەی چوونە دەرەوە بوون لە وڵاتەکەیان لەبەردەم باڵیۆزخانەی پیرۆدا کۆبوونەوە، کاسترۆ توشی قەیران بوو، جیهان زۆر زوو ئاگادار دەبـووەوە کە خەڵکی کوبا چۆن لە دەست کاسترۆ هەڵدێن، ئەو خۆشەویستییەکەی پێشووی خۆی لەدەستدابوو، کاسترۆ لەوە دەترسا ئەو مەسەلەیە ببێتە بیانوییەک بۆ ئەوەی ئەمریکا وڵاتەکەی داگیربکات، لە (21)ی نیسانی ساڵی (1980) بیست رۆژ دوای هێرشکردنە سەر باڵیۆزخانەی پیرۆ، کاسترۆ رایگەیاند، هەر کەس

بەنیاز بێت دەتوانێت وڵات بەجێبهێڵێت. (جیمی کارتەر) سەرۆکی ئەمریکا رایگەیاند، وڵاتەکەی پێشوازی لەو کوبییانە دەکات کە بەنیازن بۆ دەستپێکردنی ژیانێکی نوێ بێنە ئەمریکا.

نزیکەی (120) هەزار هاووڵاتی کوبایی لە بەندەری بچوکی ماریلی کوبا سواری کەشتی بوون، ئەو هاووڵاتییە کوبییانەی کە لە فلۆریدا نیشتەجێبوون سەردانی کوبایان کرد بۆ ئەوەی خزمەکانی خۆیان ببەن بۆ فلۆریدا. زۆربەی ئەو کەسانەی کە هەڵاتن سەر بە چینی کرێکاری کوبا بوون، هەر ئەو خەڵکەی کە ئەمەکدارانە پشتیوانیان لە شۆڕشەکەی کاسترۆ کردبوو. کاسترۆ زۆر توڕەبوو بەدەست پەنابەرانەوە، تەنانەت هەوڵیدا بە ئازادکردنی تاوانبارانی زیندانی و نەخۆشە دەرونیەکانی شێتخانەکان و رەوانەکردنیان بۆ لای پەنابەران لە کەشتیەکاندا تۆڵە بکاتەوە.

کۆچی بەرفراوان لە کوبا، کە ناوی (ماریل بوت لیفت)ی لێنرا، بەتوندی کاسترۆی توشی شەرمەزاری کرد.

کەمتر لە یەک ساڵ دوای خۆشترین ساتی ژیانی ئەو لە نەتەوە یەکگرتوەکان، دنیا ئەوی بەچاوی رابەرێکەوە دەبینی کە خەڵکەکەی خۆی سەرکوتکردوە، ئەگەر ویلایەتە یەکگرتوەکان، کە نەیدەتوانی هەموو پەنابەرەکان وەربگرێت، شاڵاوی گەورەی پەنابەرانی رانەگرتایە، ژمارەیەکی زۆر زیاتر لە کوبا هەڵدەهاتن.

داڕمانی یەکێتی سۆڤیەت لە سەرەتای (1990)، زیانێکی ترسناکی دیکەی لە کاسترۆ دا. یەکێتی سۆڤیەت ساڵانێکی زۆر مانەوەی کوبای گەرەنتی کردبوو. لە ئێستادا کوبا بێپشتیوان بوو. کاسترۆ هەوڵیدا بۆ راگرتنی سزاکان لەگەڵ ئەمریکا گفتوگۆ بکات. بەڵام ئەمریکا رایگەیاند، تەنها بەمەرجێك ئامادەن گفتوگۆ لەگەڵ کوبا بکەن کە کاسترۆ کۆتایی بە دیکتاتۆریەتی خۆی بهێنێت. کاسترۆش ئامادەنەبوو هەڵوێستەکانی بگۆڕێت و رایگەیاند، لە کوبادا تەنها بە شۆڕش دەتوانن حکومەتداری بکەن.

## کاسترۆ و میراتەکەی

فیدڵ کاسترۆ مرۆڤێکی ئاڵۆز و کەسایەتییەکی جەنجاڵی هەیە. ئەو، کە زۆر کەس ستایشی دەکەن و زۆر کەس لێی بێزارن، نزیکەی پێنج دەیەی لە بەرچاوی رای گشتیدا تێپەڕاندوە. لە سیانزەی ئابی (2005)دا، کاسترۆ تەمەنی گەیشتە (79) ساڵ، ساڵی (2005) 46ـەمین ساڵی فەرمانڕەوایی ئەو بوو. ئەو زیاتر لەهەر فەرمانڕەوایەکی تر لە سەردەمی هاوچەرخدا لەسەر کورسی دەسەڵات ماوەتەوە.

کاسترۆ وەکو سەرکردەی وڵاتێکی بچوك و کەسایەتیەکی بەناوبانگ لەئاستی جیهاندا، بۆ ژمارەیەک کەس پاڵەوانێکی رۆمانتیك و بۆ ژمارەیەکی دیکە دیکتاتۆرێکی توڕە بوو. ژمارەیەک لە کوبییەکان بەچاوی قارەمانەوە ئەو دەبینن کە پەروەردە و ژیانی مۆدێرن و تەندروستی و ئازادبوونیان لە چنگ ئیمپریالیزمی ئەمریکی بۆ هێناون. کوبیەکانی تریش لەو بڕوایەدان ئەو دیکتاتۆرێکی دڵڕەقە کە ئازادی لە ملیۆنان کەس زەوتکردووە.

جیاکردنەوەی کاسترۆی مرۆڤ لە کاسترۆیەک کە فەرمانڕەوایی کوبا دەکات کارێکی سەختە. ئەو بە بەردەوامی وردەکاریەکانی ژیانی تایبەتی خۆی بە نهێنی رادەگرێت، زۆر بە کەمی متمانە بە کەسانی تر دەکات و زۆرتر بە تەنیا بڕیاردەدات. جگە لە وتارە ئاگرینەکانی، کەمترین زانیاری لەبەردەستدایە.

فیدڵ کاسترۆی کەڵەگەت و بەهێز و چوست و چالاك، بەبەردەوامی مرۆڤێکی پڕ لە وزە و توانایە و لە تەواوی تەمەنیدا لە بواری جەستەییەوە چالاك بووە. کاسترۆ بێئەوەی کە پێویستی بە خەوی درێژماوە بێت، چەندین کاتژمێر کاریدەکرد. هاوکارەکانی نەیاندەتوانی شانبەشانی ئەو کاربکەن، لە شەشەمین دەیەی تەمەنیدا دەیتوانی تا کاتژمێر سێ یان چواری بەیانی بەخەبەر بێت و دوای پشویەکی کورت کاتژمێری نۆی بەیانی ئامادەی کار بێت، چێشتە هەرە باشەکانی پێ خۆش بوو، تەنانەت دەتوانین بڵێین چێشتلێنەرێکی پلەیەک بوو. ساڵەهای ساڵە لایەنگری یاری بەیسبوڵ بوو و چێژی لە راوەماسی دەبینی لە شاری کەناراویی کایۆپیدرا لە کاتی پشودا.

بەهۆی زاکیرە و هۆش و زیرەکی لەرادەبەدەرییەوە، دەیتوانی بەسەر هەر بابەتێکدا زاڵ بێت و چەندین کاتژمێر لە بارەیەوە قسەبکات. کاسترۆ لەو بارەیەوە کە یەکێك لە وشیارترین سەرکردەکانی جیهانە شانازی بەخۆیەوە دەکات بە بەردەوامی لەسەر بابەتی جۆراوجۆر دەخوێنێتەوە، ئابوری، تەندروستی، پەروەردە، پزیشکی، بۆرسە، چێشتلێنان. ئەو بەشەوق و شەیداییەوە گوێ لە تەواوی هەواڵەکانی جیهان دەگرێت.

کاسترۆ لە خوڵقاندنی ئەفسانەی گشتی لە خۆی و بەکارهێنانی رواڵەتی خۆی بۆ دەربڕین پسپۆڕە. کاتێك دەرۆشتە زانکۆی هاڤانا، بۆ

ئەوەی کە خۆی لە خوێندکارەکانی تر جیابکاتەوە کە جلی کەشخەیان لەبەردەکرد، جلی رەشی لەبەردەکرد. لە یەکەم رۆژەکانی شۆڕشەوە بەبەردەوامی بەریشی زۆر و جلی سەربازیی رەنگی سەوزی زەیتونیەوە دەرکەوتوە. بۆ ساڵانێکی دورودرێژ جگەرەی بەرگی کوبایی لەسەر لێو بوو. ئەم "رواڵەتە" بوو بەنیشانەی تایبەتی ئەو شۆڕشگێڕە، گەنجەکانی تریش بەزۆری هاوشێوەی ئەو جلیان دەپۆشی.

زۆر کەس بەهۆی وتارە دورودرێــژ و پڕ جوڵەکانیەوە ئەویان لەیادماوە. کاسترۆ بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی تواناکانی خۆی لە پێشکەشکردنی وتاری گشتیدا کە بەئاسانی بەدەستنایەت، بە سەختی هەوڵی دەدا. ئەو لە سەرتاسەری جیهان سەدان وتاری پێشکەشکردووە. لە کوبادا، کاتێك لەبەرچاوی خەڵك دەردەکەوێت سەرنجی زۆربەی گوێبیستەکانی رادەکێشێت. وتارەکانی لە سەرتاسەری وڵات بەتەواوەتی لە تەلەفزیۆنەکانەوە پەخشدەکرێت و لە رۆژنامەکاندا رۆژی دواتر چاپدەکرێت. کاسترۆ تەکنیکێکی گەیاندوەتە بەرزترین ئاستی خۆی، کە تەکنیکی (دیموکراسیی بێ نێوەندگیر)ی پێدەڵێت. ئەو لە کاتی قسەکردندا بۆ خەڵك، پرسیارێکی لە جەماوەرکە دەکرد ئەو کات وەڵامێکی دەستدەکەوت. ئەو شێوازەی ئەو بۆ بەدەستهێنانی رای خەڵك بوو.

کاسترۆ کە بە بەردەوامی سەرقاڵی سیاسەت بوو، کاتێکی کەمی بۆ خانەوادەکەی دەمایەوە، بەر لە مردنی دایك و باوکی زۆر بەکەمی سەردانی ئەوانی دەکرد، لە خوشك و براکانی نزیکنەبوو، جگە لە راول کە هێشتا وەفاداربوو پێی و کەسایەتی دووەمی دەسەڵات بوو، رەنگە راول لەگەڵی هاوبۆچوون نەبێت، بەڵام بەدرێژایی ئەو ساڵانە بەوەفاداری مایەوە. خوشك و براکانی دیکەی کاسترۆ جگە لە خوانا بەئاشکرا پشتیوانییان لە کاسترۆ کرد. کاتێك کاسترۆ کۆمۆنیستبوونی خۆی بۆ ئاشکراکردن، خوانا بەئاشکرا کەوتە دژایەتیکردنی و چوو بۆ ئەمریکا.

فیدڵیتۆ، کوڕی کاسترۆ لەگەڵ ژنێکی روسی هاوسەرگیری کرد و سێ منداڵیان هەیە. میرتا، هاوسەری یەکەمی فیدڵ، دیسان هاوسەرگیری کردەوە و چوو بۆ مەکسیك و لەوێدا هەرکات بگونجایە بەشێوەی نهێنی چاوی بە فیدڵیتۆ دەکەوت، ئەو سەبارەت بەژیانی خۆی لەگەڵ فیدڵ زۆر رێزدار و نهێنیپارێز بوو، چونکە دەیزانی ئەگەر قسەیەک بکات ئیتر ناتوانێت چاوی بە کوڕەکەی بکەوێت.

پەیوەندیی خۆشەویستی نێوان فیدڵ و رێڤوالێتا تا ساڵانی جیابوونەوەی لە میرتا، واتە تا ساڵی (1954) بەردەوام بوو، بوون بە خاوەنی کچێك. بەڵام چەند ژنێکی جوانی تر لە ژیانی ئەودا بوون، دەنگۆی ئەوە بڵاوە کە کاسترۆ لەو پەیوەندیانەدا خاوەنی چوار منداڵە. ناوەڕاستی ساڵی (1960) کاسترۆ عاشقی دالیا سوتۆ دێل بایە دەبێت، کە مامۆستایەکی تیرینیدادی بوو بەر لەوەی کە لە ساڵی (1980)دا هاوسەرگیری بکەن. چەندین ساڵ پێکەوەژیان، ئەوان بوون بەخاوەنی پێنج کوڕ. ئانخل، ئانتۆنیۆ، ئالخاندرۆ، ئالکسیس، ئالکس.

کاسترۆ لە رابەرایەتیدا بەتایبەت دوای داڕمانی سۆڤیەت، رووبــەڕووی گرفتێکی زۆر بوویەوە، ئیرادەی ئەو بۆ بەسەربەخۆ مانەوەی کوبا بەهایەکی گەورەی هەبووە و ئەو نەیتوانیوە سەرچاوە گەورە سروشتیەکانی کوبا بەباشی بەڕێوەببات. کاسترۆ دانی بەوەدا ناوە کە زۆربەی هەوڵەکانی بۆ گەشەپێدانی ئابوری کوبا روبەڕوی شکست بۆتەوە، بەڵام ئامادە نییە گۆڕان لە هەڵوێستی سیاسی خۆیدا بکات. ئەو هێشتا مرۆڤێکی مەبدەئییە: پاراستنی شۆڕش و رووبەڕووبوونەوەی ئەمریکا و سەلماندنی ئەوەی کە کۆمۆنیزم تاکە رێگەی راستکردنەوەی هەڵەکانی جیهانە.

کوبای کاسترۆ تاکە وڵاتی کۆمۆنیستی نیوەگۆی خۆرئاوایە. ئەو وڵاتە یەکێکە لە هەژارترین وڵاتانی ناوچەکەش، لە هەر شەش کەس کوبایی یەکێکیان لەدەرەوەی کوبا ژیان بەسەر دەبات، لە ماوەی ئەو ساڵانەدا، کە کاسترۆ لە دەسەڵاتدا بوو، نزیکەی یەک ملیۆن کەس کوبایان بەجێهێشت، ئەوان لە وڵاتانی دیکەدا خانەوادەی دیکەیان پێکهێنا، لە ئێستادا ژمارەیان لە سەرتاسەری جیهان دەگاتە دوو ملیۆن کەس. سەدان کوبایی کاتێك هەوڵی دورکەوتنەوەیان لە کوبا دا لە دەریادا خنکان.

لەنێوان ئەو کەسانەدا کە هێشتا لە کوبا دەژیــن، هەندێك لە هاووڵاتیانی بەساڵاچوو هێشتا پشتیوانی لە کاسترۆ دەکەن، بەڵام رێژەی (70%)ی کوباییەکان دوای دەستپێکردنی شۆڕشەکەی ئەو لەدایکبوون، کوبییە گەنجەکان لەیادیان نییە کە ژیانی پێش خۆیان چۆن بووە و بێتاقەتن لەوەی بۆچی بارودۆخەکە باشتر نابێت، پێگەی جەماوەری ئەو لە کوبا دابەزیوە، بەڵام کاتێك سەردانی وڵاتانی دیکە دەکات ژمارەیەکی زۆر و شەیدا دەبینێت. دەپرسن: "ئایا لەوانەیە بەو هۆیەوە بێت کە خەڵك ستایشی خەباتەکەی ئەوان دەکەن؟".

جێگای سەرسوڕمانە کە هەندێك لە گرفتەکانی کوبا بەر لە بەدەسەڵات گەیشتنی کاسترۆ وەکو خۆی ماوەتەوە. زۆربەی کوبییەکان

بە زەحمەت ژیان دابیندەكەن، بـەزۆری بێبەشن لە پێداویستییە سەرەتاییەكانی ژیـان. ئـەوان دەبێت بۆ وەرگرتنی بەشەخۆراك لە ریزی دوورودرێـژدا بمێننەوە. رۆژنامە فەرمییەكانی وڵات تەنها رای حكومەتەكەی كاسترۆ بڵاودەكەنەوە. خەڵك لە مافە سەرەتاییەكانی خۆیان بێبەشن: ئـازادی هاتن و چـوون، ئـازادی رادەبرین، ئازادی رێكخراوەیی، رێكخستنی بزوتنەوەیەك كە دژی رژێمی كۆمۆنیستی بێت تاوانێكی گەورەیە. زۆرینەی خەڵك خوێندنی باڵایان تەواوكردوە، بەڵام بۆ دەربڕینی بۆچوونەكانی خۆیان ئازادییەكی زۆر كەمیان هەیە.

ئـەوانـەی كە راشكاوانە قسەدەكەن یـان لـەدژی حكومەت خۆپیشاندان دەكەن، بەزۆری رەوانەی زیندان دەكرێن. جارێك كاسترۆ دانی بەوەدانا كە بیست هەزار زیندانی سیاسی لە زیندانەكانی كوبادا هەیە. كاتێك نەتەوە یەكگرتوەكان رەوشەكەی تاوتوێكرد، دەركەوت كە ئەو ژمارەیە زۆر زیاترە. ژمارەیەك لە زیندانیەكان بەبێ ئاو و خۆراك لە زینداندا مردبوون.

لەم ساڵانەی دواییدا كاسترۆ دەروازەی بـەرووی گەشتیاران و وەبەرهێنەرانی زیاتردا كردۆتەوە و هەندێك كار و كاسپی بچوك و سەربەخۆ دەستپێكردوە. سەرباری ئەوەش، بەشی هەرەزۆری خەڵك كارمەندی حكومەتن. كەسانی پسپۆڕ وەكو پزیشك و مامۆستا یان بیرمەندان بۆ حكومەت كاردەكەن و موچەیەكی زۆر كەمیان هەیە.

كاتێك ئەو دەسەڵاتی بەدەستەوەگرت: خەڵك هاواریان دەكرد: "فیدڵ! فیدڵ!" ئەو رابەری نوێ بوو و وڵات لێوانلێو بوو لە هیوا و ئومێد. كاتێك دەسەڵاتەكانی خۆی رۆژ بەرۆژ فراوانتر كرد و خەڵكی زیاتر سەركوتكران، كەم كەم بەبێ ترس و رێز بە «كاسترۆ» بانگیانكرد و «لە كۆتاییشدا خەڵك بە«ئێل» یان «ئوو» بانگیان كرد، چونكە لە كۆتاییدا بوو بە... بوونەوەرێك دوور لەوان».

كاسترۆ، هێشتا ویلایەتە یەكگرتوەكان –واتە خراپترین دوژمنی خۆی- بە بەرپرسیاری دۆخی نالەباری ژیانی وڵاتەكەی دەزانێت. ئەو بانگەشەی ئەوە دەكات هۆكاری ئەوەی وڵاتەكەی وەكو وڵاتانی دیكەی ئەمریكای لاتین پێشنەكەوتوە بۆ دوژمنایەتی ئەمریكا دەگەڕێنێتەوە. پەیوەندیی نێوان ئەو دوو وڵاتە بەدرێژایی ساڵانی رابردوو لە هەڵكشان و داكشاندا بووە، بەڵام سزا ئابورییەكانی ئەمریكا لە دژی كوبا هێشتا بەردەوامە.

لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا، بەرپرسانی حكومەتی ئەمریكا سەبارەت بە تەندروستی كوبا قسە و باسیان كردووە. لە نۆڤەمبەری (2005)دا دەزگای هەواڵگری ئەمریكا ئاشكرایكرد كە كاسترۆ توشی نەخۆشی پاركینسۆن بووە، نەخۆشیەك كە نیشانەكانی لەرزینی دەست و شكبوونی ماسولكەكان و جوڵەی لەسەرخۆ و گرفتی هاوسەنگییە. كاسترۆ لە وتارێكی پێنج كاتژمێریدا وەڵامی ئەو راپۆرتەی دایەوە و رایگەیاند، «هەستدەكات لە هەموو كات باشترە».

ئەو بەشێوەیەكی باو ئاماژە بە پرۆژەكانی قۆناغی دوای خۆی نەكردووە، بەڵام لە ساڵی (1997)ـەوە راولی برای كردە جێنشینی خۆی. ئەو بەبەردەوامی داوا لە كوبییەكان دەكات یەكگرتوبن بۆ ئەوەی ئابوری كوبا رزگاربكەن و شۆڕشەكەیان بەهەر نرخێك بێت بپارێزن. رۆژنامەنوسان بەزۆری لە كاسترۆ دەپرسن پێیوایە چ پێگەیەكی لەمێژودا دەبێت. ئەو بەبێ فیز و خۆهەڵكێشان وەڵام دەداتەوە:

زۆر كەم دەبن ئەو كەسانەی كە ئێمە وەبیردەهێننەوە... كاتێك مرۆڤەكان دەمرن، فەرامۆشدەبن... هیچ شكۆمەندییەك زیاتر لە دوو هەزار ساڵی نەخایاندوە، مەگەر شكۆمەندی، مەسیح و یۆلیۆس قەیسەر و شارلمان... كەوایە بۆچی نیگەرانی مێژوو بم؟ نیگەرانی مێژوو نیم؟ لەخۆم دەپرسم ئەركی من چییە؟ دەبێت چی بكەم؟ ئەوەی كە خەڵك لە بارەمەوە دەیڵێن ئازارم نادات. ئەوەی كە پێشتر وتویانە بەسە.

هەندێك قسەی چاك و هەندێك قسەی خراپ، لە كۆتاییدا خەڵك ناچارن دانی پێدابنێن كە ئێمە خۆڕاگر و بەوەفا بووین، بەرگریمان لە باوەڕ و سەربەخۆییمان كرد، دەمانویست دادپەروەری جێگیربكەین و شۆڕشگێر بووین. مێژوو چی لەبارەی فیدڵ كاسترۆوە دەڵێت؟ وەكو ستەمكاران یادی دەكات یان وەكو قارەمانەكان؟ تەنها زەمەن وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە.

**سەرچاوە:**

انتشارات ققنوس

تهران، خیابان انقلاب، خیابان ژاندرمري، شـماره107، تلفن 66408640، فران ریس، فیدل كاسترو، رهبر كمونیست كوبا ترجمة شهربانو صارمي، چاپ اول، 2000 نسخه، 1389، چاپ شمشاد، حق چاپ محفوظ است.

www.qoqnoos.ir